Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.207205

# بەراوردێکی ڕێنوس و کێشەکانی لە زمانی کوردی و فارسیدا

**کەژاڵ جهابخش محەمەد ، تریفە محەمەد فەرەج ، ئومێد بەرزان برزو**

کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی گەرمیان

## پوختە

ناونیشانی توێژینەوەکە (بەراوردێکی ڕێنوس و کێشەکانی لە زمانی کوردی و فارسیدا)یە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، ڕووە لێکچو و جیاوازەکانی ڕێنوسی هەردو زمانەکە بخەینەڕو، ڕێبازی پەسنیی بەراوردی پێڕەوکراوە لە لایەکەوە، چونکە پەسنی ڕێنوسی هەردو زمانەکەمان وەرگرتوە و پاشان بەراوردمان کردون بەمەبەستی نیشاندانی ڕووە لێکچو و جیاوازەکانی ڕێنوسی هەردو زمانەکە، ئاشکرایشە هەردو زمانەکە سەر بە هەمان خێزانەزمانن، لە لایەکی تریشەوە ڕێبازی پەسنیی بەرانبەری پێڕەوکراوە، لەبەرئەوەی لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری وەک (دراوسێتی و بارزگانی و ئاینی و نەژادو ...تد) بە تێپەڕبونی کات ئەم زمانانە لەگەڵ زمانەکانی تر بەریەکدەکەون، کە سەر بە هەمان خێزانەزمانن، یان خێزانەزمانی جیاوازن، بەمەش ململانێ و پەیوەندیی زمانی دروستدەکەن و کاریگەریی لەسەر یەکتر لە هەمو ئاستەکانی زماندا دروستدەکەن، باشترین نمونەش لەبەردەست و بابەتی لێکۆڵینەوەکە بێت، بەریەککەوتن و کاریگەریی ڕێنوسی زمانەکانی کوردی و فارسی لەگەڵ زمانی عەرەبی و ئەو کێشانەی، کە لە هەریەک لەو زمانەدا هەن.

***Article Info***

Received: March, 2020

Revised: April, 2020

Accepted: April, 2020

***Keywords***

ڕێبازی بەراوردی، ڕێبازی بەرانبەری، کارتێکردنی زمانی، ڕێنوس.

***Corresponding Author***

dr.omedbarzan@yahoo.com

## پێشەکیی

ئاخاوتن و نوسین دو شێوەی زمانن، مرۆڤ لەوەتەی زمانی ئاخاوتنی لە کردەی گفتوگۆو گەیاندن و لەیەکترگەیشتن بەکارهێناوە، هەمیشە هەوڵیداوە، ئەم زمانی ئاخاوتنە بەپێی تێپەڕبونی کات و شوێن لە فەوتاندن ڕزگاربکات، بۆیە یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتی مرۆڤایەتی بەمەبەستی پاراستنی شارستانیەت و میراتی نەتەوەیی دۆزینەوەی نوسین بووە و هەوڵیداوە، کە ئاخاوتنەکان لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت، لە فەوتان و لەناوچون بپارێزێت،

بەوەش ڕێنوسی داهێناوە، کە بتوانێت بەرانبەر بە هەر دەنگێک لە زماندا وێنەیەک دابنێت، کە پێی دەوترێ پیت (گراف)، بچوکترین دانەی نوسینە، کە بە بینینی هەستی پێدەکرێت. واتە پیت شێوەی دەنگە، بریتیە لەو شێوە نوسینەی کە هەر زمانێک هەیەتی و بەهۆیەوە زمانەکە و ناسنامەی نەتەوەکە دەناسرێتەوە. ڕێنوس (ئەلفوبێ)ش پەیوەندی بە ڕەچەڵەکی زمانەوە نییە، بەڵکو نەتەوە هەر ئەلفوبێیەک پێڕەوبکات، کۆمەڵ لەسەری دەڕوات. واتە مەرج نییە، کە ڕێنوسی هەر میللەتێک لە بناغەدا هی میللەتەکە خۆی بێت، وەک زمانی کوردی و فارسی کە ڕێنوسەکەیان لە زمانی (عەرەبی/ئارامی)یەوە وەرگرتوە. دیسانەوە عەرەبی لە عیبری و عیبریش لە ئارامی و ئارامیش لە هیلۆگلۆفی وەرگیراوە. لەبەرئەوەی زمان دیاردەیەکی زیندوە و بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە، ئەم سروشتەی زمان وایکردوە، کە سەرەتای وەرگرتنی ڕێنوس لە زمانێکی ترەوە کێشەمان لەگەڵیدا نەبێت، بەڵام بە تێپەڕبونی کات لە ئەنجامی ئەو گۆڕانانەی، کە بەسەر زمانەکەدا دێت، وا دەکات، کۆمەڵێک گیروگرفت لە ڕێنوسەکەدا دروستببێت. ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە و نیشانەی زیندوێتی زمانەکەیە. بەو پێیە "ڕێنوس بریتییە لە کۆمەڵێک دەستور، کە بە هاریکارییان ئاخاوتنی ئێمەیان پێ دەنوسرێت، ئەوەی دەنوسێ، لە دەستور لابدات، هەڵەی ڕێنوس دەکات. ئەو جۆرە هەڵانەش کۆسپ دێننە ڕێگەی خوێندنەوەی تێکست، ئەو کۆسپانەش سەرنجی خوێنەر لە تێگەیشتنی ناوەڕۆک کەمدەکەنەوە"(محەمەد حوسێن زەهاوی، 1999: 28).

لەکاتی دانانی ڕێنوسدا، دەبێت فۆنیمەکان دیاریبکرێن، بۆ ئەوەی بەپێی فۆنیمەکان پیتەکان بنوسرێنەوە. یەکێک لەو گرفتانەی لە کاتی دانان و وەرگرتنی ڕێنوس ڕوبەڕوی زمان دەبێتەوە، بریتییە لە نەبونی فۆنێم بەرانبەر دەنگێک یان دانانی زیاد لە فۆنێمێک بۆ دەنگێک، بۆ نمونە لە ڕێنوسی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی (بزرۆکە)مان نییە، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا چەند شێوەیەکیان بۆ دەنگی (ش) یان (چ) یان ..... داناوە، کە پێی دەوترێ (دایەگراف).

بۆ دانانی ڕێنوس بۆ هەر زمانێک ئەم هەنگاوانە دەگیرێتەبەر:(جەمال عەبدول و ....، 2013: 14)

1- دەستنیشانکردنی پیتەکان.

2- چۆنیەتی لێکدانی پیتەکان لەناو چوارچێوەی وشەکاندا.

ئاشکرایە، زمانی کوردی و فارسی ڕێنوسیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگرتوە، لەگەڵ زمانەکەدا گونجاندویانە، زمان لە وەرگرتنی ڕێنوس توشی گرفت دەبێتەوە، بۆ نمونە هەندێ دەنگ لە زمانی عەرەبیدا فۆنێمن و شێوەیان بۆ دانراوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا فۆنێم نین، هەروەها زمانی عەرەبی خاوەن دو جۆر فۆنێمن (فۆنێمی ڕیزبو، ناڕیزبو)، بەڵام زمانی کوردی تەنها خاوەن فۆنێمە ڕیزبووەکان بە پیت دەستنیشانکراون، بەڵام بەرانبەر بە فۆنیمە ناڕیزبووەکان فۆنێمی پیتداری نییە، کە بریتین لە (هێز، ئاوازە، وەستان). بەڵام زمانی فارسی لە سەرەتای وەرگرتنی ڕێنوسەکە وەک خۆی وەریانگرتوە، واتە هەردو جۆرە فۆنێمەکەیان هەبووە، بەڵام ئێستا تا ڕادەیەک لە بەکارهێنانی فۆنێمە ناڕیزبووەکان کەمبۆتەوە.

دانانی ڕێنوس بە هەر ئەلفوبێیەک بێت، دەبێت لەگەڵ یاسا دەنگییەکانی زمانەکەدا بگونجێنرێت، وەک ئەوەی زمانی کوردی و فارسی کردویانە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕێنوسی ئەم دو زمانە بێ کێشە و گرفتن، بەڵکو بەپێچەوانەوە

کۆمەڵێک کێشە هەیە، کە تائێستا نەتوانراوە، چارەسەرێکی یەکلاکەرەوەیان بۆ بدۆزرێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، ڕووە لێکچو و جیاوازەکانی ڕێنوسی هەردو زمانەکە بخەینەڕو، ڕێبازی پەسنیی بەراوردی پێڕەوکراوە لە لایەکەوە، چونکە پەسنی ڕێنوسی هەردو زمانەکەمان وەرگرتوە و پاشان بەراوردمان کردون بەمەبەستی نیشاندانی ڕووە لێکچو و جیاوازەکانی ڕێنوسی هەردو زمانەکە، ئاشکرایشە هەردو زمانەکە سەر بە هەمان خێزانەزمانن، لە لایەکی تریشەوە ڕێبازی پەسنیی بەرانبەری پێڕەوکراوە، لەبەرئەوەی لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری وەک (دراوسێتی و بازرگانی و ئاینی و نەژاد و ...تد) بە تێپەڕبونی کات ئەم زمانانە لەگەڵ زمانەکانی تر بەریەکدەکەون، کە سەر بە هەمان خێزانەزمانن، یان خێزانەزمانی جیاوازن، بەمەش ململانێ و پەیوەندیی زمانی دروستدەکەن و کاریگەریی لەسەر یەکتر لە هەمو ئاستەکانی زماندا دروستدەکەن، باشترین نمونەش لەبەردەست و بابەتی لێکۆڵینەوەکە بێت، بەریەککەوتن و کاریگەریی ڕێنوسی زمانەکانی کوردی و فارسی لەگەڵ زمانی عەرەبی و ئەو کێشانەی، کە لە هەریەک لەو زمانەدا هەن.

## 1) ڕێبازە زمانەوانییەکان و خێزانە زمانییەکان:

### 1/1) ڕێبازی بەراوردی[1]:

### 1-1/1) چەمك و دەرکەوتنی ڕێبازی بەراوردی:

هەڵبەتە زانستی زمانی مێژوی لەگەڵ دەرکەوتنی لێکۆڵینەوە مێژوییەکانی زمان سەرهەڵدا، کاتێ (سێر ولیام جۆنز) لەساڵی (1786) کتێبی (ڤیدا) وەرگێرایە سەر زمانی ئینگلیزی، کە بە زمانی سانسکریتی لەلایەن زانای هیندی (پانینی) نوسرابو، تیایدا باس لە زمانی سانسکریتی لە ڕوی دەنگ و وشە و ڕستەوە کردبو، پاش پەسنکردن و بەراوردکردنی ئەم زمانە لەگەڵ زمانەکانی ئەغریقی و لاتینی، ئەوەی خستەڕو، کە ئەم زمانانە پەیوەندییەکی توند لە نێوانیاندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم ئاماژەی نوێ بو بۆ لێکۆڵینەوەکانی مێژویی بەراوردکاری، ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە لێکۆڵینەوەی مێژوی لە سەرەتاوە لێکۆڵینەوەی مێژویی بەراوردی بووە، بگرە لێکۆڵینەوەی بەراوردی بە بەشێک لە لێکۆڵینەوەی مێژوی لە ماوەیەکی دیاریکراو دادەنرێت، پاشان ئەم دو لێکۆڵینەوەیە لەسەر دەستی زانا (جریم) لەیەکتر جیابونەتەوە، کە بە دامەزرێنەری زانستی زمانی مێژوی دادەنرێت. بۆیە لە زانستی زماندا، "سەدەی نۆزدە بە سەدەی لێکۆڵینەوەی مێژویی و بەراوردیی زمانەکان ناودەبرێت و بەتایبەتی زمانە هیندۆئەوروپییەکان، ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە پێش ئەو کاتە توێژینەوە مێژووییەکان لەسەر بەراوردی زمانەکان کاریان نەکردبێ و هەمو لایەنەکانی تری زانستی زمانیان پشتگوێخستبێت، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە کە لەم سەدەیەدا گەشەکردنی چەمکە تیۆری و پرۆگرامە نوێیەکانی زانستی زمانی مێژویی و بەراوردی دەرکەوتن، لەگەڵ ئەوەشدا جەختێکی زۆرتریان بۆ هەوڵ و توانا زانستییەکان لە هەمو ڕویەکەوە لە زانستی زماندا خستەگەڕ"(ر.هـ. روبنز، 1997: 237). ئەمەش بەو واتایە دێت، کە "زانستی زمانی بەراوردی بەواتای تەواوکاری زانستی زمانی مێژوییە لە سەدەی نوزدەدا، بۆیە جیاوازییەکی وا لە نێوان زانستی زمانی بەراوردی و زانستی

زمانی مێژویدا نییە"(ماریو پای، 1998: 58). چونکە "ئەگەر تەماشای زانستی زمانی مێژویی لە چەندین ڕووەوە بکەین، بۆ خۆی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە و بێگومان لە زانستی زمانی بەراوردیشدا گرنگی بە بەراوردکردنی دو زمان یان زیاتر دراوە، واتە ئەم زانستە لەسەر بەراوردکردن سەرچاوەی گرتوە بۆ ڕونکردنەوەی پەیوەندیی مێژویی نێوان زمانەکان و خستنەڕوی ڕووە لێکچووەکانی نێوان زمانە جیاوازەکان بەدەر لە هۆکارە مێژوییەکان" (http://arab426.blogspot.com/2011/04/blog-post_117.html). لەو پێوەدانگەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە لێکۆڵینەوەی مێژویی لە سەرەتاوە لێکۆڵینەوەی مێژویی بەراوردی بووە، واتە لێکۆڵینەوەی بەراوردی بەشێکە لە لێکۆڵینەوەی مێژویی، پاشان ئەم دو لێکۆڵینەوەیە لەیەکتر جیابونەتەوە، بۆیە ڕێبازی بەراوردی لە کایەی زانستی زمانی مێژویدا سەریهەڵداوەو گەشەیکردوە. بەم پێیە سەرەتای لێکۆڵینەوەی مێژویی بەراوردی لەسەر دەستی (سێر ولیام جۆنز) سەریهەڵدا، بەڵام دواتر ئاراستەی لێکۆڵینەوەکان بەرەو ئاراستەی لێکۆڵینەوەی بەراوردیی نوێ لە ڕوی زاراوە و یاساکانەوە هەنگاوی نا، ئەویش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی وەک (فرانز پۆپ) لە کتێبی (سیستەمی گەردانکردن لە زمانی سانسکریتی بەراورد بە زمانەکانی یۆنانی و لاتینی و فارسی و ئەڵمانی) و (شیگل) لە کتێبی (مێژوی زانستی زمان بەپێی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان) و .... بەئەنجامگەیشت، هەر بۆیە ئەم لێکۆڵینەوانە بە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێبازی بەراوردیی نوێ دادەنرێن.

ئاشکرایە، "ڕێبازی بەراوردی وەکو ڕێگایەک زانایانی ئەوروپا لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیان لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە بەکاریاندەهێنا، کاتێ (سێر ولیام جۆنز) زمانی سانسکریتی (زمانی هیندییە کۆنەکان) دۆزییەوەو بنەمایەکی پەسەندکراوی بۆ تیۆری بەراوردی نێوان زمانە هیندۆئەورووپییەکان پێشکەشکرد"(احمد طه حسانين سلطان، 1991: 80). بەو پێیە سەرهەڵدانی ڕاستەقینەی ئەم ڕێبازە لە سەدەی نۆزدەدا دەگەڕێتەوە بۆ پاش ئەوەی کە ئەورووپییەکان توانیان (زمانی سانسکریتی) بدۆزنەوە. لێرەوە "ڕێبازی بەراوردی پاش دۆزینەوەی زمانی سانسکریتی دەرکەوت، پاشان بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەدەی نۆزدەدا گەشەیکرد، هەرچەندە لەم سەدەیەدا هیچ نزیکایەتییەک لەنێوان زمانە ناسراوەکان بە شێوەیەکی زانستیی ورد نەبووە، جگە لەو بەراوردکارییانەی، کە زمانەوانەکان لە نێوان زمانی سانسکریتی و زمانە ئەورووپییە جیاوازەکاندا ئەنجامیاندەدا و ئەوەیان سەلماند، زۆربەی ئەو زمانانە هەڵگری ڕوی لێکچوی نێوان پێکهاتە و فەرهەنگن، بەوەش خێزانە زمانێکی گەورە پێکدەهێنن، کە ژمارەیەکی زۆر لە زمانە هیندی و ئێرانی و ئەورووپییەکان دەگرێتەوە، بۆیە توێژەران ئەم خێزانە بە (خێزانەزمانەکانی هیندۆئەورووپی) ناوبردوە"(نعمة رحيم العزاوي، 2001: 171). هەر بۆیە "ڕێبازی بەراوردی لە زانستی زماندا لەسەر بنەمای پۆلینکردنی زمانەکان بۆ خێزانەکان هاتوەتە ئاراوە"(محمود فهمي حجازي، 2010: 35). دیارە "دەرکەوتنی ئەم ڕێبازەش لەسەر بنەمای ئەو گریمانانە بو، کە زمانەکانی جیهان گوزارشت لە چەند گروپێکی زمانی دەکەن، هەر گروپێکیش پەلی بۆ چەندین زمانی جیاواز هاویشتوە، بۆیە زانایانی زمان لە ڕێگەی ئەم ڕێبازەوە بەراوردکاریان لە نێوان دو زمان یان زیاتر لە گروپی زمانێک ئەنجامدا، بەمەبەستی نیشاندانی خاڵە لێکچووەکانی نێوان

ئەم زمانانە و دوبارە بونیادنانی زمانی دایک، کە ئەم زمانانەی لێجیابووەتەوە"(ابراهيم محمد ابراهيم: 9).

زانستی زمانی بەراوردی هەوڵدەدات، کە ڕووە لێکچووەکانی نێوان زمانە جیاوازەکان بدۆزێتەوە، بەوەش بابەتەکانی ئەم زانستە دیاردە دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، لەو زمانانەی کە سەر بە هەمان خێزانەزمانن، یان لقێکن لە لقەکانی یەک خێزانەزمان. هەر لەو ڕووەیشەوە "زانایان توانیان زمانە جیاوازەکان بۆ خێزانەکان یان هۆزەکان دابەشبکەن، ئەویش بە بەراوردکردنی ئەم زمانانە و دۆزینەوەی ڕووە لێکچووەکانی نێوانیان لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و فەرهەنگسازیدا، بۆیە هەبونی لایەنە لێکچووە بنەڕەتییەکانی نێوان ژمارەیەک لە زمانەکان، ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم زمانانە لە نەژادی زمانێکی هاوبەشەوە جیابونەتەوە، کە یەک زمانن و بە درێژایی مێژو ئەم زمانانەی لێدەرچووە"(محمود فهمي حجازي،2010: 35).

بۆ نمونە زمانەکانی (عەرەبی و عیبری و فینیقی و ئەکەدی و حەبەشی) خێزانەزمانێک پێکدەهێنن، چونکە ئەم زمانانە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی هاوبەشن و لە یەک نەژادەوە جیابونەتەوە، کە پێی دەڵێن زمانی سامی.

## 1/1-2) بنەماکانی ڕێبازی بەراوردی:(بڕوانە: نادیة رمضان النجار، 2014: 140-141)

1- (جۆرج مونان) ڕێبازی بەراوردی بۆ سێ بنەما دابەشدەکات:

بنەمای یەکەم/ یاساکانی خزمایەتی لە بونی لێکچونی نێوان دو زمان بەدەستدەهێنرێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو فۆرمە هاوبەشانەی، کە بەشێوەیەکی گشتی لە پەیوەندیی مێژویی نێوان ئەم زمانانەدا هەیە، نەوەک لە بونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ئاماژە زمانییەکان و بابەتەکان، کە ئاماژەی پێدەکەن.

بنەمای دووەم/ گەشەکردنی زمانەکان لەسەرخۆ و وردەوردە ڕودەدەن، نەوەک گۆڕانێکی خێرا و بەهێز (ئەمەش بنەمایەکە لە بنەماکانی ڕودانی زمانی)، بەڵکو ئەو ڕاستییە بە مرۆڤ دەدات، کە سەیری هەر بارێکی زمانی دەکات، بە گۆڕانێکی ئاسان وەک باری پێشوتر پەسندەکات.

بنەمای سێیەم/ بنەمای ڕودانی گۆڕانە دەنگییەکان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە هەمو جوڵەیەکی دەنگێک یان کۆمەڵە دەنگەکان بە شێوەیەکی گشتی بەرەو هەمان ئاراستە دەگۆڕێت.

2- ڕێبازی بەراوردی لەسەر سروشتی بابەتەکە وەک لەسەر دەقە کۆنەکان و لەسەر زمانە مردووەکان لە هەندێ بەکارهێناندا دەوەستێتەوە.

3- ڕێبازی بەراوردی پشت بە گەشەکردنی دۆزینەوە دێرینەکان دەبەستێت، کە لە ئێستا و هەر کاتێکی تر دەدۆزرێنەوە.

4- لێکۆڵینەوەی بەراوردی بە وریاییەوە پابەنددەبێت لە هەڵبژاردنی نمونەکان، زانینی بەهای واتایی هاوبەش یان جیاواز، لایەنی شارستانیەتی هەریەک لەو دو زمانە، کە لەکاتی پەیوەندی و جیابونەوە دەیبڕێت و هەروەها مەودای نواندنی واتای وشەکان بۆ ئەو شارستانیەتە.

## 1/1-3) ئامانجەکانی ڕێبازی بەراوردی:

دەتوانین ئامانجەکانی ئەم ڕێبازە لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕو:

1-"بەئاگابون لە گۆڕانە دەنگییەکان، کە تیایدا دیاردە هاوبەش و جیاوازەکان ڕوودەدەن، لە

هەریەک لەو زمانانەی، بەپێی کات لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.

2-جەختکردن لەسەر لایەنە بەراوردکارییەکانی نێوان دو زمانە لێکۆڵراوەکە لە ڕوی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و فەرهەنگسازییەوە، بەمەش دەتوانێت بگات بەو پلە جیاوازانەی، کە دەبێتە هۆی جیابونەوەی زمانێک لە زمانێکی تر.

3-دەتوانین پەیوەندیی ڕابردو بە ئێستای دو لقە زمانەوانییە نوێکە دەستنیشانبکەین، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە، کە وابەستەیە بە دەرئەنجام و تێگەیشتنی وردی زمانییەوە.

4-سەلماندنی خزمایەتی نێوان زمانەکان، ئەمەش بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنکەوتەی مێژوییەکی دورودرێژ، بەڵکو جەخت لەسەر ڕێگایەکی هاوسەنگی ورد بکرێتەوە، ئەگەر ئەوە سەلمێنرا، کە لێکچونی نێوان فۆرمەکانی دو زمانەکە بەڕێکەوت نەبووە، دەتوانین بڵێین ئەم دو زمانە لە ڕوی لەدایکبونەوە خزمن، یان ئەوەتا یەکێکیان لەوی تریان جیابووەتەوە، یان ئەوەتا هەردو زمانەکە پێکەوە لە نەژادێکی هاوبەشەوە جیابونەتەوە" (نادیة رمضان النجار، 2014: 14).

5-"دوبارە بونیادنانەوەی بنەچەیەکی هاوبەشی نێوان زمانی دایک و پەیوەندیی بەو دو زمانەوە، ئەم بنچینەیەش لە ڕاستیدا بونی نییە، بەڵکو داهێنان و بۆچونی زمانەوانەکانە.

6-دەتوانین سود لە دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە فێربونی زمانە جیاوازەکان و فێرکردنیان بە ڕێگای ئاسان وەربگرین.

7-ئامانجێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتنە بە ڕێکخستنی دانە زمانییەکان لە فەرهەنگدا، هەروەک چۆن ئەوروپییەکان بەدەستیانهێنا، وەک فەرهەنگی هاواتایی لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان، کە (buck) بەپێی واتاکانیان پۆلینیکردون" (ابراهيم محمد ابراهيم: 10).

8-"ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەی زارەکان لە ڕێگەی ئەو گەشەو گۆڕانانەی، کە لە ڕەگەزەکانی زماندا ڕودەدەن بەراورد بە بنچینەکانیان، کە لێی جیابونەتەوە" (احمد طه حسانين سلطان، 1991: 82).

### 4-1/1) بوارەکانی ڕێبازی بەراوردی: (سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: نادیة رمضان النجار، 2014: 140)

ڕێبازی بەراوردی لێکۆڵینەوە لە هەمو لایەنەکانی زانستی زمان دەکات، لەوانەش:

1- دەنگسازی: لێکۆڵینەوە لە لایەنی دەنگی دەکات بۆ ئەو زمانانەی، سەر بە هەمان خێزانەزمانن، بۆ ئەوەی بەو یاسایانە بگات، کە بەپێی کات گۆڕانی دەنگییان تێدا ڕویداوە، یان بەپێچەوانەوە هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتوە، هەروەک چۆن بزانین زمانێک بۆ چەند زمانێکی تر، یان چەند زارێکی تر دابەشبووە، ئەمەش لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی بەرواردیی دەنگییەوە دەردەکەوێت.

2- وشەسازی: لە دروستەی وشە و پێشگر و پاشگر و ئەرکە جیاوازەکانیان دەکۆڵێتەوە.

3- ڕستەسازی: لە دروستەی ڕستە دەکۆڵێتەوە، چ ڕستەی ناوی یان کرداری بن، چ لە ڕوی سەرەوڕیزبون و خستنەتەکیەکی وشە و مۆرفیمەکان لە دروستەی ڕستە و فرێزدا، چ لە ڕوی جۆر و ناوەڕۆکی دروستەی ڕستەکانەوە.

4- واتاسازی: لە مێژوی وشە و بنەچەکەی دەکۆڵێتەوە، ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەش دەستنیشانکردنی وشە هاوبەش و جیاوازەکانە لە واتادا، یان ئەو گۆڕانە واتاییەی بەسەریاندا هاتوە.

### 2/1) ڕێبازی بەرانبەری:

## 2/1 -1) چەمك و دەرکەوتنی ڕێبازی بەرانبەری:

مەبەست لە "زانستی زمانی بەرانبەری یان بەرانبەری زمانی ئەو زانستەیە، کە دو زمان یان زیاتر سەر بە دو خێزانەزمان یان خێزانەزمانە جیاوازەکان بەرانبەردەکات بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشە کردەییەکان، کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی زمانەکان دروستدەبێت وەک وەرگێڕان و فێرکردنی زمانە بیانییەکان"(عبده الراجحي، 1995: 45). واتە "لێکۆڵینەوە لە دو زمان یان زیاتر دەکات، کە سەر بە هەمان خێزانەزمان نین، وەک زمانی عەرەبی و فارسی. بۆ نمونە سیبەوەی لەساڵی (180 کۆچی) لە کتێبی (هذا الباب طرد الابدال في الفارسية)دا بەراوردی نێوان زمانی عەرەبی و فارسی کردوە، کە سەر بە دو خێزانە زمانی جیاوازن"(عمر ابن عثمان سیبویه، 1988: 305). یان "سەعالبی لە ساڵی (430 کۆچی) زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانی فارسی بەرانبەرکردوە، گەیشتوەتە ئەوەی، کە هەردو زمانە لێکۆڵراوەکە سەر بە یەک خێزانەزمان نین" (ابراهیم محمد ابراهیم: 10-11).

ئەم ڕێبازە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی (1939–1945) لە ئەمریکا سەریهەڵدا، هۆکاری سەرهەڵدانەکەیشی پێویستییەکی یەکجار زۆر بو لەلایەن سەربازە ئەمریکییەکانەوە بۆ فێربون و فێرکردنی زمانەکانی تر، کە لە مەیدانەکانی جەنگ لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان شەڕیان دەکرد. بەڵام "ئەم زانستە لە ساڵی (1946) بە شێوەیەکی زانستی دەرکەوت، کە دو لایەنی هەیە: لایەنی تیۆری و لایەنی کارەکیی فێرکاری، ئامانجی یەکەمی لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەیە بۆ هەمو زمانەکان، کە بمانەوێ لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەرانبەری لە ڕێگەی تیۆری زمانییەوە لە هەمو ئاستەکانی زماندا بکەین، پاشان خستنەڕوی گرنگترین خاڵی لێکچو و جیاوازی نێوانیان، بەڵام لایەنی کارەکیی فێرکاری پاش تەواوکردنی لێکۆڵینەوەی تیۆری بۆ هەر یەک لەو دو زمانە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، لەم لایەنەوە زمانەوانیی بەرانبەری بەشداری لە کردەی فێرکردنی زمانەکان دەکات، هەروەک دانانی پەرتوکی خوێندنگەکان و ئامادەکردنی کەرەستەکانی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی بەراوردکردنی نێوان دو زمان، هەروەها شوێنکەوتووانی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە دەڵێن، کردەی فێرکردنی هەر زمانێک دەبێت پێشینەی لێکۆڵینەوەی بەرانبەری نێوان ئەو زمانە و زمانی دایکیان هەبێت، پاڵپشت بە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەتوانین هەڵەکان دەستنیشانبکەین، کە لێکۆڵەران لەمیانەی فێرکردنی زمانی بەرانبەر بە زمانەکەیان ڕوبەڕوی دەبنەوە" (یوسف الهلیس، 1976: 162-163).

هەڵبەت شیکردنەوەی زمانی لەسەر دو زمان ئەنجامدەدرێت لەپێناو چارەسەرکردنی زانستیانەی دیاردە زمانییەکان لەسەر ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی بەمەبەستی خستنەڕوی ڕووە ناوکۆو جیاوازەکانیانەوە. "ئەم شیکردنەوەیەش لەسەر بنەمای ڕێبازی پەسنی ئەنجامدەدرێت، بۆیە شیکردنەوەی بەرانبەری لە لێکۆڵینەوەی هەمو دیاردە زمانییەکان بە لێکۆڵینەوەی پەسنی لە سنوری هەمو زمانێکدا دەستپێدەکات، ئەمەش بەو واتایە دێت، لێکۆڵینەوەی بەرانبەری سود لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی پەسنی وەردەگرێت لە هەمو زمانێکدا، بە شێوەیەکی تر لێکۆڵینەوە پەسنییەکان ئاسانکاری بۆ کردەی بەرانبەرکردنی نێوان زمانەکان لەبەر ڕۆشنایی پەیڕەوی شیکردنەوەی بەرانبەریدا دەکەن"(سمیه کاظمی نجف ابادی و....، 2015: 10).

## 2-2/1) ئامانجەكانی ڕێبازی بەرانبەری:

دەتوانین گرنگترین ئامانجەکانی شیکردنەوەی بەرانبەری لەم سێ خاڵەدا بخەینەڕو:(عبده الراجحي، 1995: 48.47).

1- شیکردنەوەی ڕووە لێکچو و جیاوازەکانی نێوان زمانەکان.

2- پێشبینیکردن بۆ کێشەکان، کە لە کاتی فێرکردنی زمانی بیانیدا دروستدەبێت و هەوڵی لێکدانەوەی ئەو کێشانە دەدات.

3- بەشداری لە گەشەپێدانی کەرەستەی خوێندن لە فێرکردنی زمانی بیانیدا دەکات.

ئامانجی یەکەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوە بەرانبەرییەکان، بەڵام دو ئامانجەکەی تر پەیوەندی بە لایەنی کارەکیی ئەو لێکۆڵینەوەیەوە هەیە. هەر بۆیە "ئامانجی یەکەم لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەندی بە پەسنکردنی بەرانبەریی پەیرەوی زمانەکان لە هەر دیاردەیەک لە دیاردە زمانییەکان لەسەر ئاستی دروستەیی هەیە، بۆ نمونە زمانی فارسی زمانێکی ئارییە و لە خێزانە زمانی هیندۆئەوروپییە، بەڵام زمانی عەرەبی لە خێزانە سامییەکانە، بۆیە هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتی و لێکچو لە ڕوی بنەچەو گەردانکردنەوە لە نێوانیاندا نییە، هەروەها لە زمانی عەرەبی لە ڕوی بونیادی ئاستەکانی زمانیشەوە جیاوازە"(سمیه کاظمی نجف ابادی و...، 2015: 11).

## 3/1) پەیوەندی و جیاوازی نێوان ڕێبازی بەراوردی و ڕێبازی بەرانبەری:

هەردو ڕێبازی بەراوردی و ڕێبازی بەرانبەری سەر بە زانستی زمانی کارەکین/پراکتیکین(أحمد سليمان ياقوت، 1985: 7). بەڵام پێویستە توێژەران لێکۆڵینەوەی ڕێبازی بەرانبەری لە لێکۆڵینەوەی ڕێبازی بەراوردی جیابکەنەوە، چونکە ڕێبازی بەرانبەری بەرانبەرکردنی نێوان دو زمان یان زیاتر دەکات، کە لە هەمان خێزانەزماندا نین، واتە هەریەکەیان سەر بە خێزانەزمانێکن وەک بەرانبەرکردنی زمانی کوردی و عەرەبی یان زمانی فارسی و عەرەبی، بەڵام ڕێبازی بەراوردی بەراوردکردنی نێوان دو زمان یان زیاتر دەکات، کە سەر بە هەمان نەژادن و مێژویەکی هاوبەشی بنچینەیی لە نێوانیاندا هەیە، وەک زمانی کوردی و فارسی کە سەر بە زمانە ئێرانییەکانن، یان وەک زمانی عەرەبی و عیبری کە لە بنچینەدا زمانی سامین.

لەگەڵ ئەوەشدا لە زانستی زمانی نوێدا هەردو ڕێبازەکە پشت بە ڕێبازی پەسنی دەبەستن، واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیان بەو ڕێبازەوە هەیە. "هەرچەندە لێکۆڵینەوەی مێژویی لە سەرەتاوە لێکۆڵینەوەی مێژویی بەراوردی بووە، واتە لێکۆڵینەوەی بەراوردی بەشێکە لە لێکۆڵینەوەی مێژویی، پاشان ئەم دو لێکۆڵینەوەیە لەیەکتر جیابونەتەوە، کە لە دەستنیشانکردنی زمانی دایک و بنچینەی زمانەکان و دابەشبونیان دەکۆڵییەوە، کە لە ئەنجامی گەشەکردنی مێژوییەوە ڕودەدەن"(نعمة رحيم العزاوي، 2001: 173). بەڵام "بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێبازی بەراوردی پشت بە ڕێبازی پەسنی دەبەستێت، هەر لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی وەربگرین، دەبێت پێشتر هەر زمانێک لەو زمانانە پەسنکرابێت، تەنانەت توێژەریش بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەنجامبدات و ئەنجامەکانی بەدەستبهێنێت، پێویستە ئەو دو زمانەی بەراورددەکرێت، بێگومان پەسنی ئەو زمانانە وەک مەرجێکی بنەڕەتیی زمانەوانیی بەراوردی دادەنرێت"(ابراهيم محمد ابراهيم: 13-14). هاوکات "ڕێبازی بەرانبەری لە لێکۆڵینەوەی هەمو دیاردە زمانییەکان بە لێکۆڵینەوەی پەسنی لە سنوری هەمو زمانێکدا دەستپێدەکات، ئەمەش بەو واتایە،

لێکۆڵینەوەی بەرانبەری سود لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی پەسنی وەردەگرێت لە هەمو زمانێکدا، بە شێوەیەکی تر لێکۆڵینەوە پەسنییەکان ئاسانکاری بۆ کردەی بەرانبەرکردنی نێوان زمانەکان لەبەر ڕۆشنایی پەیڕەوی شیکردنەوەی بەرانبەریدا دەکەن"(سمیە کاظمی نجف ابادی و....، 2015: 10).

### دەتوانین گرنگترین خاڵی جیاوازی نێوانیان بخەینەڕو:

1- ڕێبازی بەراوردی کۆنترین ڕێبازی زانستی زمانی نوێیە، بەڵام ڕێبازی بەرانبەری نوێترین ڕێبازی زانستی زمانی نوێیە.

2- ڕێبازی بەراوردی لە زمانە کۆنەکان و دۆزینەوە دێرینەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام ڕێبازی بەرانبەری لە فێرکردنی زمانە بیانییەکان دەکۆڵێتەوە.

3- ئامانجی ڕێبازی بەراوردی بەراوردکردنی نێوان دو زمان یان زیاترە، کە لە هەمان خێزان بۆ خستنەڕوی پەیوەندیی خزمایەتی نێوانیان و زانینی شێوەی زمانی دایکیان، بەڵام ڕێبازی بەرانبەری بەرانبەرکردنی دو زمان یان زیاترە، کە لە دو خێزانی جیاوازن بە مەبەستی خستنەڕوی لێکچون و جیاوازی نێوانیان بۆ ئاسانکردنی کردەی فێرکردن.

4- ڕێبازی بەراوردی زیاتر جەخت لەسەر ڕوی لێکچونی نێوان زمانەکان دەکاتەوە، بەڵام ڕێبازی بەرانبەری جەخت لەسەر ڕوی جیاوازی نێوان زمانەکان بەمەبەستی فێرکاری دەکاتەوە.

5- "ڕێبازی بەراوردی هاوسەنگی نێوان زمانەکان دەکات بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ بنچینەکانیان و وەستان لەسەر لایەنەکانی گەشەکردنیان، بەڵام ڕێبازی بەرانبەری بەمەبەستی فێرکردن و زانینی گرفتەکانە، کە ڕوبەڕوی لێکۆڵەر دەبێتەوە، کاتێ ئارەزوی وەرگرتنی زمانێکی نوێ بە شێوەیەکی ئاسان دەکات، هەروەها زانینی ئەو کێشەکانەی لە فێرکردنی زمانە نوێیەکە لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازییەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوە"(نعمة رحيم العزاوي، 2001: 168).

### 4/1) کاریگەری و کارتێکردنی زمانەکان لەسەر یەکتری:

زمان دیاردەیەکی زیندوە، بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە، وەستان لە زماندا وەکو ئەوە وایە، کە ئەو زمانە بەرەو لەناوچون و داخوران بڕوات، بێگومان پرۆسەی گەشەو گۆڕان لە زمان بەندە بە کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە، یەکێک لەو هۆکارانەش، بەریەککەوتن و پەیوەندیی زمانەکانە لەگەڵ یەکتریدا. "لە ئەنجامی پەیوەندیکردنو تێکەڵبونی کۆمەڵگاکان بە هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیو ئابوریو کەلتوریو سیاسیو مێژوییو جوگرافیو بازرگانیو... لەگەڵ یەکتریدا بەریەکدەکەونو کاریگەریی لەسەر یەکتر دروستدەکەن، یەکێک لەو بەریەککەوتنانەش بێگومان بەریەککەوتنی زمانەکانە، لە ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنە زمانییە، چەندین کاریگەریی زمانی لەسەر یەکتر دروستدەکەن، واتە ئاساییترینو سروشتیترین دیاردەش، کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی زمانەکانەوە سەرهەڵدەدات، دیاردەی (وەرگرتنی زمانی)یە"(ئومێد برزان برزو و هێرش کریم حەمید، 2017: 237)، کەواتە "بەریەککەوتنی زمانی یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی گۆڕان لە زمانەکاندا، کە لە پەیوەندی زمانی دو یان چەند زمانێک، کە دراوسێ بن، یان لە تەنیشت یەکەوە بن، بەپێی هۆکارە کۆمەڵایەتی ـ زمانییەکان کاریگەرییان بەسەر یەکەوە دەبێت"(مهرداد نغزگوی کهن، 1392: چکیدە). هەر بۆیە "ئەم

کارتێکردنەش بە شێوەیەکی نمونەیەکی ڕودەدات، کاتێک زمانەکان لە هەمان ناوچە یان ناوچە هاوسنورەکاندا پێی دەدوێن و کاتێک پلەیەکی بەرزی پەیوەندییکردن لەنێوان خەڵکدا هەبێت، لەوانەیە کاریگەرییەکە فۆنەتیکی یان سینتاکسی یان سیمانتیکی بێت، یان ستراتیژی گەیاندنی وەک شێوازی ناونیشانو سڵاوکردن بێت، بۆ نمونە پەیوەندیی زمان لەو ناوچە کۆچکردنە گەورانە ڕودەدات یان ڕویداوە، وەک ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەمریکای لاتینو ئوستورالیاو بەشەکانی ئەفریقاو ناوچە سنورزمانەکانی هندستان"(Jack C. Richards and Richard Schmidt: 2002: 288)، کە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییەش "وشەکان، دەنگەکانی ئاخاوتنو تەنانەت فۆرمە ڕێزمانییەکان لە هەندێ زمانەوە بۆ زمانەکانی دراوسێ دەپەڕینەوە، ئەمەش دیاردەیەکی گشتییە"(R.L.Trask: 1999: 112).

سەرەتای کاریگەری و کارتێکردنی زمانی فارسی و عەرەبی لەسەر یەکتر، دەتوانرێت لە قۆناغەکانی پێش ئیسلام و لە سنوری ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشییەکان دەستپێدەکات، واتە دەکرێ ئەو کاریگەرییانە بۆ چەند قۆناغێک دابەشبکرێت:

1- قۆناغی پێش ئیسلام و سنوری ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشییەکان: لەو سەردەمە ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشییەکان بە یەکێک لە شارستانیەتە گەورەکانی جیهان دەژمێردرا و نەتەوەکانی تر حەزیان بە دروستکردنی پەیوەندییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا، وەکو سیاسەت و ئابوری و فەرهەنگی لەگەڵ ئەم ئیمپراتۆرییە خاوەن شارستانیەتەیان هەبو. "عەرەبەکانیش یەکێک لەو نەتەوانە بون و لەم قۆناغەدا هاتوچۆی عەرەبەکان بۆ ئەو ناوچەیە بو بە هۆی کارتێکردنیان لە زمانی بەکارهاتو و لە سنوری ئیمپراتۆریەتەکەدا، بەمەش وشەی زۆر لە زمانی فارسی ناوەڕاست هاتە نێو زمانی عەرەبییەوە، هەندێکیان بە شێوەی تەواو وەک خۆیان و هەندێکی تریشیان بەپێی یاسا دەنگسازییەکانی زمانی عەرەبی ڕێکخران"(نیلوفر لنگر، 1395). هەرچەندە "زمانی عەرەبی و فارسی دو زمانی سەر بە دو خێزانی جیاوازن، بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە پەیوەندیی زمانیان پێکهێناوەو کاریگەرییان بەسەریەکەوە بووە، بەم پێیە دەتوانین بڵێن، بنچینەی پەیوەندیی زمانی فارسی و عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام و لە سەردەمی هەخامەنشییەکان زیاتر و لە سەردەمی ساسانییەکان جێگیرتر و قوڵتر بووە و پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕە سیاسی و کلتورییەکان لە نێوان زمانی فارسی و عەرەبی بو بە خاوەن پانتاییەکی توند و فراوان، لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا ئەم پەیوەندییە قوڵترو فراوانتر بووەوە"(محسن راثی، 1386: 183). بۆ نمونە "لە سەردەمی پێش ئیسلام زمانی فارسی کاریگەریی بە سەر زمانی عەرەبییەوە هەبووە و وشەی زۆر لە زمانی فارسی وەرگرتوە، بەڵام زیاتر هەوڵیانداوە، کە بەپێی یاسای دەنگی زمانەکەی خۆیان ئەو وشانە دوبارە ڕێکبخەنەوە، وەکو: وشەی (نظر) کە لە (نگر)ەوە وەرگیراوە، هەروەها وشەکانی (فن، فنان، تفنن) لە (پن و پند) فارسی ناوەڕاست دروستکراون، بەم پێیە دەتوانرێت ئاماژە بە کۆمەڵێکی زۆر لە وشەکان بکرێت، کە بنەچەیەکی فارسییان هەیە و لە زمانی عەرەبی بەپێی یاسای فۆنەتیکی زمانەکە ڕێکخراون"(نیلوفر لنگر، 1395).

2- قۆناغی دووەم لە وشەوەرگرتن (وام گیری) لەنێوان زمانی فارسی و عەرەبی دەگەڕێنرێتەوە بۆ کاتی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، هاوکات لەگەڵ ئەوەی موسڵمانانی عەرەب ناوچەی

ئاریاییان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و ناویان لێنا (خوراسان)و خەڵکی ئەم ناوچەیەیان بۆ ئاینی ئیسلام بانگهێشتکرد، زمان و بیروبۆچونی خۆیان لەگەڵ ئاینەکەیان بەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیەیان سەپاندو بەهۆی دەسەڵاتی ساسییان زمانی فارسی بۆ ماوەیەکی زۆر وەستانی بەخۆیەوە بینی، تەنانەت لە دەقە فەرهەنگییەکان بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بەهۆی وشە عەرەبییەکانەوە بە بەهایەکی بەرز دادەنرا، لێرەدا کاریگەریی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی فارسیدا دیارە، چونکە لەم قۆناغەدا زمانی فارسی کەمتر بەکارهێنراوە. هەر بۆیە "وشە وەرگیراوەکان لە زمانی عەرەبییەوە بەپێی خاسیەتی زمانی فارسی زیاتر بە شێوە جێگر و سەرەتاییەکەی خۆی ماوەتەوە و گۆڕانیان تیا نەکراوە (واتە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە، هەروەکو خۆیان ماونەتەوە و وشە وەرگیراوەکان بەپێی یاسای دەنگیی زمانی فارسی دەستکاری نەکراون)، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە زۆربەی وشە فارسییە وەرگیراوەکان لە زمانی عەرەبی بەپێی یاسای دەنگسازیی زمانی عەرەبی ڕێکخراون"(نیلوفر لنگر، 1395). بۆ نمونە "وەرگرتنی دەنگی/ فۆنیمی (آوایی/واجی) بەگوێرەی وەرگرتنەکانی تر گرانترە و بەخێراییەکی زۆر کەمتر ڕودەدات، خێرایی وەرگرتنی تەواوی بەشەکانی سیستەمی فۆنیمی وەکو یەک نین، گۆڕانکاری پەیوەست بە پەیوەندیی زمانی زیاتر بەسەر نەبزوێنەکان (همخوانها) دێت، تاوەکو بزوێنەکان، بۆیە ڕەنگە کە جیاوازی نەبزوێنەکانی نێوان دو زمان زیاتر بێت، بۆیە لەم ئاستەدا فشاری زیاتر بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی نەبزوێنەکان دێتەئاراوە، هەڵبەت ئەمەش بەو واتایە نییە، کە گۆڕانکاری لە سیستەمی فۆنیمی دەبێت بە نەبزوێنەکانەوە دەستپێبکات، بۆ نمونە ئەگەر ژمارەی نەبزوێنەکان لە دو زمان یەکێک بن، ئەوکات گۆڕانکاری زیاتر لە بزوێنەکان کارێکی مەحاڵ نابێت"(مهرداد نغزگوی کهن، 1392: 71).

"(مترس) بە پێی خوێندنەوە بۆ وەرگرتنی فۆنیمی (وامگیری واجی) لە (27) زمان، سێ جۆر وەرگرتنی فۆنیمی لەیەک جیاکردۆتەوە:

1- ئاوێتەکردنی فۆنیمەکان لە زمانی دراوسێ لە وشە وەرگیراوەکان (فۆنیمی وەرگیراو لە وشەی وەرگیراو).

2- جێبەجێکردنی بەرهەمهێنانی فۆنێم بەپێی مۆدێلی زمانی دراوسێ (گۆڕانکاری لە دەربڕینی فۆنیمە ناوچەییەکان/ خۆماڵییەکان).

3- ئاوێتەکردنی فۆنیمە وەرگیراوەکە لە سیستەمی فۆنیمی وشە خۆماڵییەکان/ ناوچەییەکان.

جۆری ژمارە یەک لە هەمو جۆرەکانی زمانی دیکە بینراوە، کە (27) زمان بون، واتە وشە وەرگیراوەکان بە لایەنی کەمەوە لەگەڵ هەندێ لە فۆنیمە بنەڕەتییەکانیان لە زمانی وەرگر بەکاردێن. لەم زمانانەدا، گۆڕانکاری لە جۆری یەکەم و هەروەها زۆربەی گۆڕانکارییەکانی جۆری سێیەم دەبنەهۆی زیادکردنی فۆنێم بە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی وەرگر، بە واتایەکی تر پەیوەندیی زمانی دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی سیستەمی فۆنیمی لە ڕوی ژمارەوە"(مهرداد نغزگوی کهن، 1392: 71-72).

بەو پێیە پەیوەندیی نێوان زمانی فارسی و عەرەبی پەیوەندییەکی دولایەنەیە، بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەم دو زمانە لە دو خێزانی زمانی جیاوازی زمانین، بە تایبەتمەندی جیاوازی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس پێکەوە پەیوەندییان دروستکردوە، چۆنیەتی ئەم پەیوەندییەش بو بەهۆی کاریگەری و کارتێکردن لە قۆناغێکەوە

بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە. وادیارە، لە قۆناغی پێش ئیسلام بە چەند هۆکارێکی سیاسی، کە سەرچاوەکەی شارستانیەتی بالادەست و ئیمپراتۆریەتی گەورەی ئێران، زمانی فارسی زیاتر بەسەر زمانی عەرەبی کاریگەری هەبووە، هەندێ لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە ئەو مەسیحیانەی کە لە (حیرەبەن) زیاتر پەیرەوییان لە کڵێساکانی ئێران دەکردو بە فەرهەنگی ئێرانی کاریگەر بون و لە ناونانی ئامێرەکانی ئیش و کاریان لاسایی ناوە ئێرانییەکانیان دەکرد، وەکو: (استوانە، سراج، بوق، ...)، هەروەها ڕێز بەرانبەر بە ساسانییەکان لە سەدەکانی دووەم و سێیەمی پێش ئیسلام بە جۆرێک بو، کە دەکرێ ئاماژە بە پیاهەڵدانی پاشاکانی ئێرانی لە ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی (**امیه بن أبي الصلت**) شاعری سەردەمی نەزانی بکرێت، دوای هاتنی ئیسلام بە تایبەت لە سەردەمی عەباسییەکان ئەم کاریگەرییە زیاتر وشەی زۆر لە بوارە جیاوازەکان، وەکو مۆسیقا، سەربازی، ئاینەکان، جەژنەکان، ....هاتنە نێو زمانی عەرەبییەوە، تاوەکو لە سەردەمی ئەمەوییەکان زۆربەی عەرەبەکان بە زمانی فارسی قسەیان دەکرد و تێکەڵی فەرهەنگی ئێرانییەکان بون" (علیرضا نظری، زهرا اسدالله پورعراقی، 1394: 89)، بەلام "لایەنەکانی کاریگەریی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی فارسی، کە بو بە هۆی وەرگرتنی لێشاوی وشە لەو زمانە بۆ زمانی فارسی، لە چەند ڕوییەکەوە لێی بکۆڵدرێتەوە:

1- لایەنی ئاینی: قبوڵکردنی ئاینی ئیسلام لەلایەن ئێرانییەکان بو بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی زۆری ئاینی، کە لەم نێوەندەدا ڕۆڵی قورئان بە شێوەیەکی بەرچاو دیارە.

2- لایەنی ئەدەبی: هەرچەندە زمانی فارسی تا سەدەی پێنجەم وشەیەکی ئاینی زۆری لە زمانی عەرەبییەوە وەرگرت، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەدەی شەشەم بەو لاوە وشەی تر لە زمانی عەرەبییەوە هاتە نێو زمانی فارسی، هەروەها ڕێزمانی زمانی عەرەبی وەکو کۆکردنەوە و مۆرفیمەکانی کۆ، ڕێککەوتنی ئاوەڵناوی (صفت و موصوف)، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لاساییکردنەوەی زمان و ئەدەبی عەرەبی و هەروەها جێگیربونی ئاینی ئیسلام و زمانی عەرەبی لەنێوان ئێرانییەکان.

3- لایەنی کۆمەلایەتی: نیشتەجێبون و جێگیربونی عەرەبەکان لە لادێیەکانی ئێران تێکەڵبونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵ فارسی زمانەکان بو بەهۆی ئەوەی زۆربەی عەرەبەکان زمانی فارسی فێربن و بە پێچەوانەوە.

4- گۆڕینی ڕێنوس: یەکێک لە هۆکارە گرنگ و کاریگەرەکان لە کارتێکردن و باوبونی وشە وەرگیراوەکان لە زمانی فارسی، کە کەمتر گرنگی پێدراوە، گۆڕینی ڕێنوس و نوسینی وشە و دەقە فارسییەکانە بە ڕێنوسی زمانی عەرەبی، بونی هەندێ لە فۆنیمەکان لە زمانی فارسی، کە لە عەرەبیدا بونی نەبووە و بونی هەندێ لە فۆنیمەکانی زمانی عەرەبی، کە بۆ ئێرانییەکان نەناسراو و دەرنەبڕاو بووە و لە ڕێنوسدا خۆی نواندوە، هەروەها هەندێ وشە ڕەسەنی فارسی وەکو (طهمورث) یان (طهماسب) یان (طبرستان) بە فۆنیمەکانی زمانی عەرەبی (ط ، ث) ئاماژەیە بۆ بونی هەندێ لە فۆنیمە گۆڕاوەکان و هاتنی فۆنیمێکی وەکو همزە بۆ زمانی فارسی، ئاشنایی ئێرانییەکان بە تایبەت زانایان و زمانەوانانی ئێرانی بەشێوەی نوسین و خوێندنەوەی زمانی عەرەبی ڕێگای بۆ زانین و بەکارهێنانیان لە

زۆربەی وشە عەرەبیەکان کردەوە"(علیرضا نظری و زهرا اسدالله پورعراقی، 1394: 89-91).

هەروەها نەتەوەی کوردیش بەدرێژایی مێژو لە ناوچەکەدا لەگەڵ نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب هاوسنور و دراوسێ بونە، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندی و ململانێیەی، کە لە نێوانیاندا هەبووە، بێگومان زمانەکانیشیان بەریەککەوتوە، بەمەش کاریگەری و کارتێکردنیان لەسەر یەکتری دروستکردوە، سەرەڕای ئەوەش قورئانی پیرۆزو ئاینی ئیسلام بونەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا، بەمەش کاریگەریی زۆرتری لە کتێبە ئاسمانییەکانی تر هەیە و لە نێو بەرهەمی نوسەرانو شاعیرانو زمانەوانەکان لە هەمو ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و فەرهەنگسازی و ڕستەسازی و واتاسازی ڕەنگیداوەتەوە(بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ئومێد بەرزان برزو، 2013: 104-116).

## 2) ڕێنوسی زمانی کوردی و فارسی و گرفتەکانیان:

### 2-1) ڕێنوسی زمانی کوردی و گرفتەکانی:

هەر زمانێک سیستەمی فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە، دەستنیشانکردنی کەرەستەکانی ئەم ئاستەش پشت بە فۆنێم دەبەستێت، چونکە فۆنێم بچوکترین دانەی زمانەو بە گۆڕینی هەمان فۆنێم لە جوتە وشەکاندا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان. هەر زمانێکیش بەپێی بەراوردکردنی وشەکانی دەستەیەک فۆنێم هەڵدەبژێرێتو دەبنە کەرەستەی فۆنۆلۆجیی زمانەکە. هەڵبەت تا ئێستا لەسەر دیاریکردنی ژمارەی فۆنێمەکان بیروڕای جیاواز لەلایەن زمانەوانە کوردەکانەوە هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو گرفتانەی، کە لە ڕێنوسەکەدا هەیە، بۆ نمونە هەندێکیان بە (37) یان (36) و هەندێکی تر بە (32)و ...تد دادەنێن، ئێمە لێرە ئاماژە بەو پیتانە دەکەین، کە لە ئێستای زمانەکەماندا بونیان هەیە، کە ژمارەیان (37) فۆنێمی بزوێن و نەبزوێنن و دواتر گرفتەکانیان دەستنیشاندەکەین:

| | فۆنێمە بزوێنەکان | فۆنێمە نەبزوێنەکان |
|---|---|---|
| زمانی کوردی | /ئـ ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، ه ، و ، ی/ | /و ، وو ، ۆ ، ی ، ێ ، ا ، ە ، i/ |

**گرفتەکانی ڕێنوسی زمانی کوردی:**

1- نوسینی وشەی بێگانە بە زمانی کوردی بەهۆی کۆمەڵێک بارودۆخی جیاواز ژمارەیەکی زۆر وشەی لە نەتەوە دراوسێکانەوە وەرگرتوە، وەک نەتەوەی فارس و تورک و عەرەب بەهۆی نزیکی و دراوسێیەتی و بارودۆخی سیاسی و ...تاد، بەڵام ژمارەیەکی زۆری وشەکانی لە زمانی عەرەبیەوە وەرگرتوە، نوسینی ئەو وشانە زۆر جار دەبنە گرفت بۆ زمانەکەمان بەتایبەت لە ناوەکاندا، چونکە کۆمەڵێک فۆنێم هەن لە زمانی کوردیدا گۆڕاون وەک (**ث ، ذ ، ص ، ض ، ظ ، ط**) بەرانبەر بە سێ فۆنیم دانراون، کە ئەوانیش (س، ز، ت)، وەک ئاشکراشە لەکاتی گۆڕانی ئەم دەنگانەدا لەگەڵ ئەو شێوەیە جیاوازن، کە بۆیان دانراوە، بۆ نمونە (ص) بە قورسی لە دەم دێتە دەرەوە، بەڵام (س) بە سوکی گۆدەکرێت و هەروەها سازگەی دروستبونیشیان جیاواز دەبێت.

2-(ئـ): یەکێکە لەو دەنگانە، کە کێشە و گرفتی لە زمانی کوردیدا هەیە، (ئـ) دەنگێکی بزوێن نییە،

بەڵام "هەر کاتێک بزوێن کەوتە سەرەتای وشەوە دەنگی هەمزە (ئ)ی لە پێش دروستدەبێت"(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، 2015: 84). سەبارەت بە (ئ) وریا عومەر ئەمین دەڵێت: "بەلای منەوە سروشتنی نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ئەم (ئ)یەی بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندوە"(وریا عومەر ئەمین، 2004: 17)، بۆیە ئەم دەنگە ناکرێت بە فۆنیم دابنرێت، چونکە "تەنها لە سەرەتای ئەو وشانەوە یاخود ئەو بڕگانەوە پەیدادەبێت، کە بە بزوێن دەستپێدەکەن" (ئەورەحمانی حاجی مارف، 1986: 139)، بەلام لە ناوەڕاست و کۆتایی وشە دەرناکەوێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فۆنیم ئەوەیە، کە دەبێت لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بێت، بەلام ئاشکرایە، کە ئەم دەنگە دەنگێکی بزوێن نییە، واتە دەنگێکی یاریدەدەرە بۆ ئاسانکردنی کردەی دەربڕین و ڕێکخستنی بڕگەی زمانی کوردی دانراوە، چونکە لە زمانی کوردیدا هیچ بڕگەیەکمان نییە بە بزوێن دەستپێبکات، هەر بۆیە ئەو بڕگانەی، کە بە بزوێن دەستپێدەکەن، (هەمزە)یان بۆ زیادکراوە، بۆیە دانان و دانەنانی کاریگەریی لەسەر واتای وشەکە دروستناکات، تەنها ئەرکی فۆنەتیکی هەیە.

هەرچەندە یەکێک لە گرفتەکانی ئەم دەنگە ئەوەیە، کە پیتی بۆ دانراوە، لەکاتێکدا خۆی فۆنیمێکی سەربەخۆ نییە، وەک فۆنیمەکانی تر. بەڵکو تەنها ئەرکی ئاسانی کردەی دەربڕینە لەو وشانەی، کە بە پیتی بزوێن دەستپێدەکەن، وەک (ئارد، ئەرمەن، ئۆرزی، ئۆرگان، ئوردن، ئێوارە، ئیش، ...تد). هەر بۆیە ئەم دەنگە "کاتێک دەنگێکی بزوێن بکەوێتە سەرەتای وشە، لەبەرئەوەی دەم کراوەیە و بۆ گرتنەوەی هەوا بەربەستێک لەڕێی دەرچونی هەوا نییە، ناچاری بمانەوێت و نەماوێت دەنگی (ئ)ی دەمگر (صمام valve)ێک دروستدەبێت، تاکو قسەکەر تانێکی تێنەدابکاتەوە"(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، 2015: 85)، کەواتە پەیدابونی ئەم دەنگە دیاردەیەکی فۆنەتیکی زمانە و تەنها تایبەت نییە بە زمانی کوردی، بەڵکو زمانی کوردی ئەم هەمزەیەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگرتوە، شێوە (پیت)ی بۆ داناوە، کە زمانەوانان لەم بارەدا توشی هەڵەبون، چونکە ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا بون و نەبونی کاریگەریی دەنگی و واتایمان بۆ بەجێناهێڵێت. بەپێچەوانەی "زمانی عەرەبی کە ئەم دەنگە فۆنیمێکی سەربەخۆیە و بونی لە وشەدا هەندێک جار دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە"(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، 2015: 86). لە هەندێ بارێشدا بەتایبەت لە جوتەوشەکاندا بە ئالوگۆڕکردنی (ئ) واتای وشەمان بۆ دەگۆڕێت، وەک: (ئاڵ، کاڵ، چاڵ، ماڵ، لاڵ، تاڵ، باڵ، حاڵ).

3- (وو): یەکێکە لەو دەنگانەی لە زمانی کوردیدا کێشەی لەنێوان بۆچونی زمانەواناندا دروستکردوە، زمانەوانان بەگشتی (وو) بە فۆنیمێکی ڤاوڵی درێژ ئاماژەیان بۆ کردوە و بۆچونی نوسەران سەبارەت بەم فۆنیمە جیاوازە، بۆ نمونە مەسعود محەمەد بەشێوەیەکی زانستی و هێنانەوەی بەڵگەی زۆر و ڕاست و لەبار نوسینی (و)ی درێژی ڕەتکردۆتەوە و دەڵێت: "وەک دیارە دو ڕێگەمان لەپێشە بۆ بڕیاردان لەو کێشەیەدا، یەکێکیان ئەوەیە بە دو (و) بنوسرێت، دووەمیشیان نیشانەی بۆ دابنرێت. ئەوانەی بە دو واو دەنوسن، چونکە واوی درێژ دو هێندەی کورتە بزوێنی (بۆر)ە، بۆریش بە یەک واو دەنوسین، جێی خۆیەتی ئەویان بە دو واو بنوسین"(مەسعود محەمەد، 2011: 408). هەروەها بەکر عومەر عەلی دەڵێت: "هەرگیز دەنگی (و) درێژ لە سەرەتای وشەوە نایەت و هەمو ئەو وشانەی کە بە (و) دەستپێدەکەن، (و)ی کورتن"(بەکر عومەر عەلی،

2014: 239). ئەورەحمانی حاجی مارفیش سەبارەت بەم باسە وتویەتی: "وەک ئاشکرایە، بۆ هەر دەنگێک پیتێک دانراوە، بەڵام بۆ پیشاندانی دەنگی (و)ی درێژ دو پیت دانراوە، بێگومان هیچ لێکدانەوەیەک ڕێگە بەوە نادات، کە دو پیت شێوەی یەک دەنگ بن"(ئەورەحمانی حاجی مارف، 1986: 107)، کەواتە "ناشێ دو واو لەبری تاکە دەنگی واوی تیژی درێژ بنوسرێت"(مەسعود محەمەد، 2011: 409).

دەستەیەکی تر لە زمانەوان و نوسەران پێیان وایە، کە دو (و) یاخود (و) درێژ لە زماندا بونی هەیە، بۆیە دەبێت شێوەی هەبێت. بەڵگەی ئەمانە ئەوەیە، دەڵێن (و) درێژ دو ئەوەندەی (بۆر)ی عەرەبییە، "لەبەر ئەوەی زمانی کوردی بەرانبەر بە فۆنیمە ناڕێزبووەکان فۆنیمی سەربەخۆ (ڕێزبو)ی داناوە، هەربۆیە لەبری (بۆر) (و) دانراوە، ئەو نوسەرانە دەڵێن لەبەرئەوەی (و) درێژ دو ئەوەندەی (و) بۆرە، هەر بۆیە پێویستە بە دو (و) بنوسرێن"(بڕوانە: محەمەد حوسێن زەهاوی، 1999: 31).

یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە بونی دو (و) لە زمانی کوردیدا ڕەتدەکاتەوە، ئەوەیە کە هەندێک جار لەکاتی بڕگەکردندا بەپێی پێویستی بڕگەکردنەکە (وو) یەکێکیان دەگۆڕن بۆ ڤاوڵ و ئەوی دیکەیان بە کۆنسنانت، ئاشکراشە، کە ناکرێت دەنگێک لەیەک کاتدا هەم وەک ڤاوڵ هەمیش وەک کۆنسنانت هەژماربکرێن، هەر بۆیە بەکر عومەر عەلی دەڵێت: "هیچ یاسایەکی فۆنۆلۆژیمان نییە، کە ئەگەر دو ڤاوڵا لە بڕگەیەکدا هاتن، یەکێکیان بگۆڕدرێت و ئەوی دیکەیان وەک خۆی بمێنێتەوە"(بەکر عومەر عەلی، 2014: 246). ئەگەر هاتو (و)ی درێژ بە فۆنیم دانرا لە زمانی کوردیدا، ئەوا دەبێت شێوەی تایبەتی بۆ دابنرێت، چونکە ناکرێت دو دەنگ یەک فۆنیم (پیت)یان بۆ دابنرێت. بۆیە دەڵێت: "بۆ نوسینی (و)ی درێژ پێویستە کلکێک بۆ (و)ەکە دابنرێت، (و) ئەمە ببێتە شێوەی (و) درێژ"(محەمەد حوسێن زەهاوی، 1999: 32).

کەواتە لەئەنجامی ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسکران، دەتوانین بڵێین (و) درێژ لە زمانی کوردیدا فۆنیم نییە و پێویست ناکات، شێوە (پیت)ی بۆ دابنرێت، چونکە (و) کورت بێت یان درێژ، هەر یەک فۆنیمە، چونکە وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کردوە، تایبەتمەندییەکەی فۆنیم ئەوەیە، کە واتا بگۆڕێت، جگە لە دو وشەی (کوڕ - کووڕ) و (سوڕ - سووڕ) واتا دەگۆڕێت.

4- بزرۆکە (i): بریتییە "لەو کورتە دەنگەی، کە دەکەوێتە نێوان دو نەبزوێن"(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، 2015: 87). ئەم دەنگە یەکێکە لەو گرفتانەی، کە تائێستا لە نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە. دەتوانین بڵێین، ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا فۆنیم نییەو پێویستیش ناکات، شێوەی بۆ دابنرێت، هەروەها ئەم دەنگە لە سەرەتا و کۆتایی وشەدا نییە و تەنها لەو وشانەدا نەبێت، کە ڤاوڵی تێدا نییە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی، کە بڕگە بەبێ ڤاوڵ دروست نابێت، بۆیە بزرۆکە وەک ڤاوڵێکی کورت دانراوە، کەواتە دەتوانین بڵێین بزرۆکە دیاردەیەکی فۆنەتیکی زمانە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بڕگە هاتۆتە نێو زمانەکەوە. هەر لەبەر ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کردن، باشترە ئەم دەنگە هیچ شێوەیەک (پیت)ێکی بۆ دانەنرێت. هەرچەندە لەسەر بنەمای پێویستی بڕگەی کوردی بەراوردی نێوان جوتەوشەکان بکەین، دەبینین واتامان بۆ دەگۆڕێت، وەک: (ژن - ژان - ژین)، (شڕ - شیڕ)، (من - مان - مین ، مۆن).

5-(ڕ): یەکێکە لە فۆنیمانەی لە زمانی کوردیدا کێشەی لە نێوان نوسەراندا دروستکردوە و لە سەرەتای وەرگرتنی ڕێنوسەکەوە تا ئێستا چەند شێوەیەکیان بۆ داناوە، ئەوانیش دوبارەکردنەوەی (ر)ە، ئەورەحمانی حاجی مارفیش سەبارەت بەم فۆنیمە دەڵێت: "بە بیری من ئەو کەسانە زۆر بەهەڵەداچون، چونکە لە زمانی کوردیدا فۆنیمی (ر) و (ڕ) هەیە، واتە یەکێک لاواز و یەکێک قەڵەو"(ئەورەحمانی حاجی مارف، 1986: 106). هەروەها مەسعود محەمەدیش سەبارەت بەم باسە دەڵێت: "سەبارەت بە نوسینی (رر) لەبری (ڕ)ی قەڵەو، من بەش بە حاڵی خۆم لە هیچ حاڵ و باردا ڕەوا نابینم بۆ تاکە دەنگێک، دو پیت قەرارداده بکرێت، چونکە تاکە یەک هۆ و بەڵگە پشتگیری لێ ناکات"(مەسعود محەمەد، 2011: 405). هەروەها بۆچونێکی تر ئەوەیە، ئەو نیشانەیەی کە هەیە لەسەر پیتەکە دابنرێت. بەڵام دواتر نوسەران بە هێنانەوەی کۆمەڵێک بەڵگەی زانستی ئەم فۆنیمەی ئێستایان بۆ داناوە، بەڵام هێشتا ناکۆکی لەنێوان نوسەراندا هەیە، بەوەی هەندێک لە نوسەران لەو ڕایەن، کە (ڕ) پێشەوە هەمیشە قەڵەوە و کورد بە (ر)ی سوک گۆیناکات، بۆیە پێویستناکات، لە سەرەتای وشەدا بنوسرێت. مادام کورد وەک دو فۆنیمی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەوا پێویستدەکات، لەکاتی نوسیندا بنوسرێت، گەرچی لە سەرەتای وشەدا بێت. هەروەها (وریا عومەر ئەمین)یش سەبارەت بەو بۆچونەی، کە دەڵێت:"هەمو (ر)ێکی سەرەتای وشە لە زمانی کوردیدا بە (ڕ)ی قەڵەو دەردەکەوێت، بۆیە پێویست ناکات، ئەو نیشانەی لەژێر بۆ دابنرێت. "دەڵێت ئەو ڕایە ڕایەکی پوچە و بەتیشکی نەزەریەی فۆنیم فشدەبێتەوە و دەرنەکەوتنی (ر)ی لاواز لە سەرەتای وشەی کوردیدا یاسایەکی فۆنۆلۆژییە و لە زمانی کوردیدا پەیوەندی بە (ڕ)ی قەڵەوەوە نییە"(وریا عومەر ئەمین، 2004: 14). بەپێی تایبەتمەندی فۆنیم، کە واتا دەکاتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی دەنگێک بە فۆنیم ئەوا (ر) و (ڕ) دو فۆنیمن و دانانی ئەو حەوتەی ژێری دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، نمونە: (کەر - کەڕ)، (برین - بڕین).

6-(ی): کێشەیەکی بواری ڕێنوسی کوردییە و تا ئێستا هەندێک زمانەوان لە نوسیندا ڕەچاوی (یی) دەکەن و هەندێکی تر هەر بە یەک (ی) دەنوسن. "ئەوانەی بونی دو (ی) لە زماندا ڕەتدەکەنەوە، دەڵێن کە (ی) درێژ و کورت جیاوازی واتایی دروستناکات، بۆیە پێویستناکات بە دو (یی) بنوسرێت"(محەمەد حوسێن زەهاوی، 1999: 33).

ئەوانەشی کە پێڕەوی دو (یی) دەکەن دەڵێن کە: دو (یی) جگە لە سەرەتای وشە لە هەندێ باری تردا دەبێتە گرفت و پێویستە بە دو (یی) بنوسرێت. ئەو بارانەی کە بونەتە گرفت، ئەمانەن:(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، 2015: 90-91)

أ.کاتێک ناوێک بە (ی) کۆتایی هاتبێت و ئامرازی خستنەسەری بۆ زیادبکرێت، ئەوا پێویستە (یی) بنوسرێت، چونکە لەکاتی بڕگەکردندا بە یەک (ی) دەردەبڕدرێت، چونکە هەردو (ی) دەکەونە یەک بڕگەوە.

ب.ناوێک بە (ی) کۆتایی هاتبێت و جێناوی لکاوی (ی، یان) بچێتە سەر، ئەوا دەبێتە دو (یی).

ج. دەنگێک بە (ە) کۆتایی هاتبێت، (ی) بچێتە سەر هەر بە یەک (ی) دەنوسرێت، چونکە لێرەدا (ی) ئەرکی کۆنسونانت دەبینێت.

دەتوانین بڵێین کە نوسینی دو (ی) لەبری (ی)ی درێژ کێشەیەکە، کە زمانەوان بۆ خۆیانیان دروستکردوە، ئەگینا ئەم دەنگە لەکاتی ئاخاوتندا

دەتوانرێت درێژبکرێتەوە، یان هەر بەکورتی گۆبکرێن، واتە درێژی و کورتی کاریگەریی واتایی دروست ناکەن، هەر بۆیە باشترە هەر بە (ی) بنوسرێت.

7- (و ـ ی) نەبزوێن: دو فۆنێمی فرە ئەرکن، واتە وەک چۆن وشەمان هەیە، کە زیاتر لە واتایەک دەگەیەنێت، ئەمانەش بەپێی دەوروبەر فرە ئەرکن، واتە بەپێی پێویستی وشە و لەکاتی برگەکردندا رۆڵی ڤاول یاخود کۆنسنانت دەبینن. مەبەستیش لە فرە ئەرکی ئەوەیە دەنگێک بتوانێت هەم وەک ڤاوڵ هەمیش وەک کۆنسنانت رۆڵ بگێرێت. هەر بۆیە لەکاتی برگەکردندا، ئەگەر هاتو دەنگی پێش ئەم دو فۆنێمە ڤاوڵ بو، ئەوا ئەمان رۆڵی کۆنسنانت دەگێرن و بە پێچەوانەوە، ئەگەر دەنگی پێشیان کۆنسنانت بو، ئەمان وەک ڤاوڵ هەڵسوکەوت دەکەن. بەڵام ئەوەی دەبێتە گرفت بۆ ئەم دو فۆنێمە، ئەوەیە کە هەمان شێوەی (و ـ ی) ڤاوڵیان هەیە.

8- (ع): "فۆنیمێکی رەسەنی زمانی کوردی نییە، چونکە وشەی رەسەنمان نییە، بە (ع) دەستپێبکات"(عەبوللا حوسێن رەسول، 2015: 93)، بەڵکو هەمو ئەو وشانەی بەم دەنگە دەستپێدەکەن، لە زمانی عەرەبی یاخود زمانانی دیکەوە وەرگیراون، هەروەها یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنێت، (ع) فۆنیمێکی رەسەن نییە، ئەوەیە کە ئەم دەنگە لەگەڵ هەمزە (ئ) بەئاسانی ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر واتای وشەکان هەبێت، وەک: (عەرز ـ ئەرز)، (عاسمان ـ ئاسمان)، ...تد. کەواتە دەتوانین بڵێن (ع) فۆنێم نییە لە زمانی کوردیدا، هەر بۆیە پێویست ناکات، شێوە (پیت)ێکی بۆ تەرخانبکرێت.

9- (ح): "فۆنێمێکی رەسەنی کوردی نییە و زۆربەی ئەو وشانەی، کە بەم دەنگە دەستپێدەکەن، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون"(عەبوللا حوسێن رەسول، 2015: 93)، ئەم فۆنێمە فۆنێمێکی چالاک نییە لە زمانی کوردیدا و زۆرجار لەگەڵ (هـ) شوێنەکانیان دەگۆڕنەوە بەبێ گۆڕانی واتا، بۆ نمونە: (حەفتە ـ هەفتە)، (حەدیقە ـ هەدیقە). دەکرێت بڵێین ئەم فۆنێمە لە زمانی کوردیدا بونی هەیە و وەک فۆنێمێکی سەربەخۆ مامەڵەدەکات، چونکە لە هەندێ باردا ناتوانرێت لەگەڵ فۆنێمی /ه/ ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت، نمونە: (حەسار ـ هەسار)، (حەسان ـ هەسان)، (حاڵ ـ هاڵ)، (حەوا ـ هەوا). کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم فۆنێمە فۆنیمێکی زمانی کوردییە، هەرچەندە چالاکی ئەم فۆنێمە بەراورد بە فۆنێمەکانی دیکە کەمترە.

10- (غ): یەکێکی تر لەو فۆنێمانە، کە لە رێنوسی کوردی مشتومڕی لەنێوان نوسەراندا دروستکردوە. گرفتی ئەم فۆنێمە بەراورد بە فۆنێمەکانی دیکە کەمترە، بەڵام ئەوەی هەیە، سەبارەت بەم فۆنێمە، ئەوەیە کە لەگەڵ (غ) ئاڵوگۆڕدەکرێن، هەمو دەنگێکی (غ) دەگۆڕێت بۆ (خ)، بەڵام هەمو (خ) ناکرێت بە (غ)، بۆ نمونە: (غەم : خەم)، (غونچە : خونچە)، (باغ : باخ)، (خەو ناکرێت بە غەو). واتە "(خ ، غ) لە کۆتایی وشەدا زۆربەی کات جیاوازییەکە ئەفەوتێ و کارناکات، وەک (باخ ـ باغ، داخ ـ داغ ، ولاخ ـ ولاغ)، لە هەمان کاتدا وشەمان هەیە، کە هەر یەکێک لە دەنگەکانی لەگەڵدا دێت، وەک (شاخ ، ناخ) لە سەرەتای وشەدا جێگۆڕکێ ناکەن و بەهۆی وشەی (خار ـ غار) دەتوانین ئیسپاتی بکەین، ئەو دو دەنگە فۆنێمن. باشترین چارەسەریش بۆ ئەمە ئەوەیە، بڵێین جیاوازی نێوان (خ ، غ) لە ناوەڕاست و کۆتایی وشە لەکاردەکەوێت"(محەمەد مەعروف فەتاح، 2011: 45).

11- دیفتۆنگ/دولانە (Diphthong) ئەم ناوە بەرانبەر دیاردەیەکی فۆنەتیکی زمان بەکاردێ،

که ئەویش تێکەڵبونی دو دەنگە. ئەم بابەتە لە ڕێنوسی کوردیدا بۆتە جێی مشتومڕی بەشێک لە زمانەوانەکان، کە هەندێکیان بە فۆنیمی دادەنێن و بەپێویستی دەزانن وێنەیان بۆ دابنرێت، بەپێچەوانەوە بەشێکی تریان بونی دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا ڕەتدەکەنەوە.

محەمەد مەعروف فەتاح و بەکر عومەر عەلی جەخت لەسەر بونی دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا دەکەنەوە، "محەمەد مەعروف فەتاح" لەم بارەیەوە دەڵێت: (تا ئێستا هەندێ زمانەوان چ کورد بن، یان بێگانە دان بە بونی دیفتۆنگی (وێ) نانێن لە زمانی کوردیدا، لەبەر ئەوەی ئەم فۆنیمە لە هەندێ دیالێکتی کوردیدا نییە و بڵاوی کەمە، واتە ژمارەی وشەکان سنوردارە لە وشەشدا شوێنییان جێگیرە و هەمیشە لە ناوەڕاستی وشەدا دێن، جەمسەرەکان ناگرن، بەڵام لەبەرئەوەی واتای وشە دەگۆڕن، وەک (سوێر، سەر)، هەر بۆیە فۆنیمی (وێ) فۆنیمێکی سەربەخۆیە لە زمانەکەماندا.

هەروەها فۆنیمی /نگ/ لە هەندێک وشەی زمانی کوردیدا فۆنیمی سەربەخۆن، وەک وشەکانی (ژەنگ، ڕەنگ، دەنگ، سەنگ، زەنگ، ...تاد)، هاوکات بەکر عومەر عەلی دەنگی /نگ/ بە دیفتۆنگ دادەنێت لە شێوەزاری سلێمانیدا، بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت: (نمونەکانی زمانی کوردی زۆریان ئەوە دەسەلمێنن، کە وشەمان زۆرە، خۆیان بە دەنگی /نگ-n/ کۆتاییان دێ و پەیوەندیان بە (ند) نییە، بۆ نمونە:

هەنگ ـــ لە (هەند)ەوە نەهاتوە.

شەنگ ـــ لە(شەند)ەوە نەهاتوە.

هەروەها وشەکانی (دەنگ، جەنگ، ڕەنگ، لەنگ، ...تد)(بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، 2011: 41-44) و (بەکر عومەر عەلی، 2014: 151)

بەکر عومەر عەلی "بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی، کە ئەم دو دەنگە دەنگی سەربەخۆی زمانی کوردین، کۆمەڵێک بەڵگەی هێناوەتەوە، یەکێک لەو بەڵگانە بونی وشەی ترە لە زمانەکەدا، کە بە (ن ـ گ) بەدوای یەکدا لە وشەدا دێن و نابن بە دیفتۆنگ، وەک: نگین، بنگرد، مەلەوانگە. هەربۆیە داوا دەکات، ئەم دەنگە شێوەی بۆ دابنرێت لە زمانەکەدا"(بڕوانە: بەکر عومەر عەلی، 2014: 154). هەروەها محەمەد مەعروف فەتاح سەبارەت بەم گرفتە دەڵێ: "کەمی نیشانەکانی پیتی عەرەبی بەتایبەت ئەو نیشانانەی، کە بۆ نواندنی بزوێن بەکاردێن، وای لە نوسەرانی کورد کردوە، کە دو نیشانەی بەرودوا بۆ تاکە دەنگێک بەکار بهێنن، بۆ نمونە (Ö) کە لە وشەی (جوێن، خوێن، ...تاد)، هەیە بە دو نیشانەی (و- ێ) ئەنوسرێت، ئەمەش زیاتر سەرمان لێ تێکدەدات، ئەوەیە کە ئەم نیشانانە نرخی تریان هەیە لە هەمان ڕێنوسدا"(محەمەد مەعروف فەتاح، 2011: 55).

بەڵام غازی فاتح وەیس "لێکدانی ئەم دو نیمچە ڤاوڵە، ڤاوڵی دولانە پێکناهێنن لە شێوەزاری سلێمانیدا و هەروەها بەرانبەر بە (Ö) یەکێکە لە ڤاوڵە سەرەکییەکانی زمانی تورکی درکاندنیشی وەکو درکاندنی /وێ/ی وشەی (خوێن، شوێن) نییە. بۆیە ئەو زمانەوانەی پێی وایە، دەنگی /وێ/ لە وشەکانی (خوێن، شوێن) لە بنەڕەتدا (وی)یە، بە هۆکاری میکانیکی و فیزیکی (ی) دەبێتە (ێ)، چونکە بەیەکەوەهاتنی دو نیمچە ڤاوڵ کارێکی ئاسان نییە"(غازی فاتح وەیس، 1984: 66-67).

مەسعود محەمەدیش سەبارەت بەم دەنگە دەڵێت: "دیفتۆنگی /وێ/ لە ڕاستیدا دیفتۆنگ نییە، بەڵکو (و) کۆنسنانت و بزوێنی (ێ) کراوەیە و بەشی هەرە زۆری کورد بەو جۆرە دەریدەبڕن،

کە لە کۆنەوە گوتراوە و نوسراویشە، بەڵام بەشێک لە دانیشتوانی هەندێ ناوچەی کوردی لە شێوەی دیفتۆنگ دەریدەبڕن. واتە دیفتۆنگەکە هی زمانی کوردی بەرفراوان و ڕەسەن نییە، هەروەها سەبارەت بە /نگ/یش پێی وایە، دیاردەیەکی فۆنەتیکییە و پێویست ناکات، شێوەی بۆ دابنرێت، بەڵکو پێکەوە دو دەنگی (د ، ن) دەبن بە (نگ)، ئەمەش تایبەتە بە شێوەزاری سلێمانی. بۆیە دەڵێ ناکرێ زاری ناوچەیەک بسەپێنرێت و دەڵێت دەبێ دیفتۆنگ ڕەسەن و کۆن بێت و لە بنچینەدا لە زمانەکەدا هەبێ، نەک بە کاریگەریی دەنگەکان لەپاڵ یەکتر، هەر بۆیە دەڵێ دیفتۆنگی (وێ ، نگ) هیچیان ڕاستە دیفتۆنگی نەژادی نین، چونکە بریتین لەو دەنگە ئاشکرایانەی بە نوسین دەیاننوسین"(بڕوانە: مەسعود محەمەد، 2011: 420 و 468).

وریا عومەر ئەمینیش سەبارەت بە دیفتۆنگی (وێ) لە زمانی کوردیدا دەڵێت: "ئەم دەنگانە لە زمانی کوردیدا ناکرێت بە فۆنیمێکی سەربەخۆ لە قەڵەمبدرێ، چونکە ئەو دەنگانە لە ئەنجامی ئیدغامەوە دروستدەبن و ناخرێنە ناو سیستەمی فۆنیمەکانی زمانەوە"(وریا عومەر ئەمین، 2009: 17).

## 2–2) ڕێنوسی زمانی فارسی و گرفتەکانی:

سەبارەت بە ژمارەی دەنگەکانی زمانی فارسیش ڕاوبۆچونی جیاواز لە نێوان زمانەوانانادا هەیە، هەندێک لە بڕوایەدان، کە زمانی فارسی خاوەنی (33) دەنگە[2]. ئەم دەنگانە پیشاندەری نەبزوێنەکان و بزوێنە درێژەکانن، جگە لە بزوێنە کورتەکان کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون. هەندێکی دیکە ڕایان وایە، کە زمانی فارسی خاوەنی (32) دەنگە.

سەبارەت بە فۆنیمەکانی زمانی فارسی، زمانەوانان کۆدەنگن لەبارەی بونی شەش فۆنیمی بزوێن، کە بریتین لە سێ بزوێنی کورتی (فتحة ، ضمە ، کسرة) و سێ بزوێنی درێژی (و ، ا ، ی)[3]، بەڵام سەبارەت بە ژمارەی نەبزوێنەکانی زمانی فارسی (23) فۆنیمی نەبزوێنن، لە نێوان زمانەوانان تاڕادەیەکی کەم جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان ئاماژە بەوە دەکەن، کە زمانی فارسی خاوەنی (23) فۆنیمی نەبزوێنە[4]، کە بریتین لە : (/ء ـ ع/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت ، **ط/ ،** /س ، ص ، **ث/** ، /ج/ ، /چ/ ، /ح ، هـ/ ، /خ/ ، /د/ ، /ذ ، ز ، ض ، ظ/ ، /ر/ ، /ژ/ ، /ش/ ، /غ ، ق/ ، /ف/ ، /ک/ ، /گ/ ، /ل/ ، /م/ ، /ن/ ، /و/ ، /ی/). واتە زمانی فارسی بەگشتی لە (29) فۆنیمی بزوێن و نەبزوێن پێکهاتوە، کە لەم خشتەیەدا دەستنیشانکراون:

| | فۆ | فۆنێمە نەبزوێنەکان |
|---|---|---|
| زمانی فارسی | /ء ـ ع/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت ، ط/ ، /س ، ص ، ث/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح ، هـ/ ، /خ/ ، /د/ ، /ذ ، ز ، ض ، ظ/ ، /ر/ ، /ژ/ ، /ش/ ، /غ ، ق/ ، /ف/ ، /ک/ ، /گ/ ، /ل/ ، /م/ ، /ن/ ، /و/ ، /ی/ | /و ، ا ، ی ، فتحە، ضمە ، کسرە/ |

## گیروگرفتەکانی ڕێنوس لە زمانی فارسی:

لە هەمو زمانێکی زیندوی جیهاندا ، بابەتی گیروگرفتی ڕێنوس بەدیدەکرێت و زمانی فارسیش بەدەر نییە لەم ڕووەوە، کۆمەڵێک لە زمانەوانان لەو بڕوایەدان، کە دەبێت ڕێنوسی

زمانی فارسی بگۆڕدرێت و کۆمەڵێکی دیکە لەگەڵ ئەم ڕایەدا نین، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین، بەپێی توانا گیروگرفتەکانی ڕێنوسی زمانی فارسی بخەینەڕو:

1- ڕێنوسی زمانی فارسی بەردەوام سەرنجی زمانەوانانی زمانەکەی بۆ لای خۆی ڕاکیشاوە، یەکێک لەو ڕەخنانەی لە زمانی فارسی دەگیرێت، ئەوەیە کە لە نێوان شێوازی خوێندنەوەو نوسیندا یەکسانی بەدی ناکرێت، ئەمەش لە زۆربەی ئەو دەنگانەیە، کە لە زمانی عەرەبیدا وەرگیراون، هەروەک "لە کتێبی (پنج استاد) ئاماژەی پێکراوە، کە (ث ، ح ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ع ، ق) تایبەتن بە زمانی عەرەبی و لەو وشانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون و لە زمانی فارسیدا بەکاردەهێنرێن و دەبینرێت"(عبدالعظیم قریب و دیگران، 1392: 13). بەم پێیە یەکێک لە گرفتەکانی ڕێنوسی زمانی فارسی، نوسینی چەند دەنگێک بە شێوازی جیاواز و خوێندنەوەیان بە یەک شێوەیە، واتە یەک فۆنێم زیاتر لە پیتێک دەنوێنێت، بۆ نمونە: پیتی (ء ، ع) لە وشەکانی (ارزان ، علم) کە لە کاتی خوێندنەوەی وشەکان هەردو پیتی (ء ، ع) بە شێوەی دەنگی (ء) دەخوێنرێنەوە، هەروەها لە نمونەکانی تری وەک(5):

ت ، ط /ت/: طرز ، تهیه

ح ، ه /ه/: حوض ، هرکس

س ، ص ، ث /س/: سیطار ، صابر ، ثروت

ظ، ،ذ ، ض، ز /ز/: تلفظ ، اذان ، ضروری ، زهرا

لێرەدا ئەو پیتانە دەخەینەڕو، کە فۆنیمێک دەنوێنن:

| ز | پیتەکان | فۆنێم | نمونە و شێوەی دەربڕینی وشەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ء ، ع | /ء/ | (آخر – اخر) ، (مسئول – مسئول )، (علم ـ ئلم) | بۆ نوسینی ئەو وشانەی کە هەمزە لە سەرەتادایە سود لە (ا) وەردەگیرێت. پیتەکانی (ء ، ع)، فۆنێم یان دەنگی /ء/ دەنوێنن. |
| 2 | ت ، ط | / ت / | (متروک ـ متروک)، (نشاط ـ نشات) | پیتەکانی **(ت، ط)** فۆنێم یان دەنگی /ت/ دەنوێنن. |
| 3 | ث ، س ، ص ، | /س/ | (ثابت ـ سابت) ، (سالم ـ سالم) ، (صادق ـ سادق) | پیتەکانی **(ث، س، ص)** فۆنێم یان دەنگی /س/ دەنوێنن. |
| 4 | ح ، ه | / ه / | (حاجب ـ هاجب)، (هوا ـ هوا) | پیتەکانی **(ح ، ه)** فۆنێم یان دەنگی /هـ/ دەنوێنن. |
| 5 | ذ ، ز، ض ، ظ | /ز/ | (لذیذ ـ لزیز) ، (رزق ـ رزق) ، (مریض ـ مریز) ، (ظرف ـ زرف) | پیتەکانی **(ذ، ز، ض، ظ)** فۆنێم یان دەنگی /ز/ دەنوێنن. |
| 6 | غ ، ق | /ق/ | (غرب ـ قرب) ، ( قرن ـ قرن) ، | پیتەکانی **(غ ، ق)** فۆنێم یان دەنگی /ق/ دەنوێنن. |

2- بزوێنەکان: زمانی فارسی شەش بزوێنی هەیە، سێ بزوێنی کورت، کە بریتین لە (زیر یان فتحە، زیر یان کسرە، پیش یان ضمە) کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون و لە ڕێنوسدا

دەرناکەون، بۆ نمونە (کش)، (کش)، (کش) لە ڕێنوس بە یەکجۆر دەنوسرێن. "ئەو هەڵە دەربڕینانە زۆرە، کە لە خوێندنەوەی دەقێک لەم ڕووەوە سەرهەڵدەدات، چونکە بزوێنە کورتەکان بەشێک لە ڕێنوسی زۆربەی وشەکان نین، کە دەربڕین و واتای جیاوازیان هەیە و بەیەک شێوە دەنوسرێن"(محمد رضا باطنی، 1391)، بەڵام سێ بزوێنەکەی تر درێژن، بریتین لە (ا، و، ی)، ئەمانە بەشێکن لە ئەلفبێی زمانەکە، واتە گرفتی سەرەکی لە نەنوسینی بزوێنە کورتەکانەوە سەرهەڵدەدات، ئەویش کێشەی نەنوسینی (بزوێنە کورت)ەکان، کە بریتین لە (سەر و بۆر و ژێر)، ئەمانە بەشێک نین لە دەنگەکانی زمانی فارسی، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی وشەی هاوشێوە، بەڵام بە خوێندنەوەی جیاواز، وەکو وشەی (پر) کە بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەخوێنرێتەوە، بەڵام بە یەک شێوە دەنوسرێت، بەم شێوەیە: پر/por/ بەواتای (پڕ)، پر/par/ بەواتای (پەڕ). بۆیە لە هەندێک بابەتدا، بۆ لابردنی ناڕونی پێویستە جوڵەکان (مەبەست ڤاوڵە کورتەکانە)و ئامرازی خستنەسەرو نیشانەکانی تر دابنرێن، بەڵام زۆربەی ئامێرە کۆمپیوتەرییەکان بەتایبەت لە ئەنتەرنێت ئەمجۆر توانایەیان نییە، لە لایەکی ترەوە لە هەندێک لە ئامێرەکان کە توانای جوڵەدانان (مەبەست ڤاوڵە کورتەکانە)یان هەیە، جوڵەکان تێکەڵدەکات، بەڕادەیەک وشەکان تێکەڵدەبن. هەرچەندە کە زۆربەی ئامێرەکان بۆ زمانی عەرەبی دانراون و تایبەتن نین بە زمانی فارسی، بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە بزوێنە کورتەکان و نەبونی فۆرمیان لە ڕێنوس، بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| ز | پیت (حرف) | فۆنیم (واج) | نمونە |
|---|---|---|---|
| 1 | - | a = /---َ------ / | مَلَك |
| 2 | - | e = /----ِ---/ | مِلك |
| 3 | - | o = /----ُ---/ | مُلك |

3- (همزە): شێوازی نوسینی جیاوازی هەیە، ئەمەش بە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ڕێنوسی فارسی دادەنرێت. وەکو: مسئول/مسؤول ، مسئلة/مسألة ، متلألی ، جزء ، رأس ، شیئ، ...تد.

4- (ە): "لە کۆتایی ئەو وشانەی بە ڤاوڵی کورت کۆتاییان پێ دێت، دەنگی (ە) دادەنرێت، بەڵام ناخوێنرێتەوە، وەکو: بە /be/، نە /na/، ننە /nane/، پارە /pâre/، شکوە /sekve/، لە بەرانبەردا هەندێک وشە هەن، کە بە /هـ : /h کۆتایی دێن، هەر بە یەکێک لە هەمان شێوە دەنوسرێن: بە /beh/، نە/noh/، سپاە /sepâh/، سپە /sepah/، شکوە /sokuh/"(نوید اعطار شرقی، 1395: 147-148).

5- (و): لە ڕێنوسی زمانی فارسیدا دەنگێک هەیە، کە لە بەرانبەردا فۆنێمی بۆ دانەنراوە، واتە دەنوسرێت، بەڵام ناخوێنرێتەوە، پێی دەوترێت (واو معدولە)، "مەبەست لەم ناوە ئەوەیە کە لە کۆندا ئەو دەنگە دەربڕاوە، بەڵام بە تێپەڕبونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتوە و ناخوێنرێتەوە، لە کاتێکدا دەنوسرێت، بۆیە پێیدەوترێت (معدولە) واتە گۆڕاو، کاتێک کە پێش (و) دەنگی (خ)، هەروەها دوای (و) دەنگەکانی (ا، د، ر، ز، س، ش، ن، و، ە، ی) بێت، ئەوکاتە (و) دەنوسرێت، بەڵام ناخوێنرێتەوە، وەکو: وشەکانی (خود، خواب، خونسار، خویش، ...تد)"(بڕوانە: عبدالرسول خیامپور، 1389: 23).

6- (وو) وەکو برگەی ناوەندی (هجای میانجی): "ئەو وشانەی کە (هجای میانجی) برگەی ناوەندی (وو)یان هەیە و بە دو (واو) دەنوسرێن، وەکو: (طاووس، کیکاووس، داوود،

....)، بەڵام نوسینی (داود) بە پەیڕەوی ڕێنوسی قورئان کێشەدار نییەو ئاساییە بە یەک (و) بنوسرێت"(فرهنگستان زبان و ادب فارسی، 1388: 38).

7- (و): "لە هەندێ لە وشە عەرەبییەکان، وەکو: (زکوة، حیوة، مشکوة، صلوة، ....)، (و) بەشێوەی ( آ ) دەخوێنرێتەوە، بەڵام لە زمانی فارسی بەشێوەی (ا) دەنوسرێت و بەهەمان شێوەش دەخوێنرێتەوە، وەکو: (زکات، حیات، مشکات، صلات، .....)، جگە لەو شوێنانەی پەیڕەوکردنی ڕێنوسی قورئان بۆ وشەی لەم شێوەیە مەبەست بێت"(فرهنگستان زبان و ادب فارسی، 1388: 36).

8-(ە) لە کۆتایی وشەکان و ئەو دەستەواژانەی، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، بەو شێوانەی خوارەوە دەنوسرێن[6]:

ا- ئەگەر لە کۆتایی وشەکە بنوسرێت و دەربېڕێت، ئەوکات بە شێوەی (ت) دەنوسرێت، وەکو: (رحمت، جهت، مشکات، قضات، مراقبت، .....)

ب- ئەگەر لە کۆتایی وشە دەرنەبڕدرێت، ئەوکات بە شێوەی (ە یا ـە) دەنوسرێت، وەکو: (علامە، معاینە، نظارە، مراقبە، ......)

پ- لەو دەستەواژانەی کە لە زمانی عەرەبیدایە و لە فارسی زۆر بەکاردێت، بە شێوەی (ة / ـة) دەنوسرێت، وەکو: (دائرة المعارف، لیلة القدر، ثقة الاسلام، مشکوة،...)، بەڵام هەندێ کات و لە هەندێ دەستەواژەدا وەکو (جحت الاسلام ، آیت الله) بەشێوەی (ت) دەنوسرێت و دروستیشە، جێگای ئاماژەیە لە هەمو ئەم جۆرانە، یەکجۆر خوێندنەوە پەیڕەودەکرێت.

9- هەندێ لە دەنگەکانی زمانی فارسی نوێنەرایەتی زیاتر لە دەنگێک دەکەن، واتە (بە یەک شێوە دەنوسرێن، بەڵام بە شێوەی جیاواز دەخوێنرێنەوە)، بۆ نمونە: دەنگی (و) دەتوانێت بە شێوەی /o/ دەربکەوێت، وەکو: (تو/تۆ) /to/ یان /u/، وەکو: (رو/ڕوخسار) /ru/، یان بە شێوەی دەنگی /v/ خۆی بنوێنێت، وەکو: (ولی/بەڵام) /vali/، یان دەنگی /ow/ خۆی بنوێنێت، وەکو (روشن/ڕوناک) /rows^an/.

هەروەها (ی) دەتوانێت دەنگی /y/ بنوێنێت، وەکو: (یار) /yar/، یان دەنگی /i/ بێت، وەکو: (کی) /ki/، بۆیە شێوەی نوسینی (دین) دەتوانێت دو خوێندنەوە و دو واتای هەبێت: /deyn/ قەرز ، / din/ ئاین، هەروەها شێوەکانی نوسینی وشەی وەکو (کی)... .

10- "دەنگی (ا) بەپێی هاتنی لە وشەکەدا شێوازی جیاوازی هەیە، وەکو: (ا) لە ناوەڕاست و کۆتایی وشە بەشێوەی دەنگی /â/ دەردەکەوێت، وەکو: (رفاه) و (جفا)، بەڵام لە سەرەتادا بەتەنیا دەتوانێت سێ دەنگ بنوێنێت، وەکو: /a/ لە وشەی (أحمد)، /e/ لە (إجبار)، /o/ لە (ألفت)، هەروەها دەتوانێت بە شێوەی (آ) دەنگی /â/ بنوێنێت، وەکو (آب)، یان بە یارمەتی دو دەنگی (و) و (ی) دەتوانێت دەنگەکانی /u/ ، /i/ بنوێنێت، وەکو (او) /u/ و (ایران) /iran/. بەم شێوەیە دەنگی (ا) بە تەنها یان بەیارمەتی دەنگەکانی (و)و (ی) دەتوانێت لە سەرەتادا شەش بزوێن بنوێنێت"(محمد رضا باطنی، 1391). "لە لایەکی ترەوە لە هەندێ وشەدا لە کاتی نوسین فۆرمیان نییە، بەڵام دەخوێنرێنەوە، وەکو (الف) لە وشەکانی اسحق ، اللهە..."(بهروز محمودی بختیاری، 1379: 64).

11- هەندێ لە زمانەوانان لەو بڕوایەدان، بەکارنەهێنانی گیرا (تشدید) لە ڕێنوسدا واتە دەرنەکەوتنی لە نوسینی ئەو وشانەی کە پێویستیان بە نوسینی (تشدید)ە، کارێکی هەڵەیە. "بەڵگەش بۆ ئەم ڕایە: لە فارسیدا جەخت ناکرێتە

سەر نوسینی گیرا (تشدید)، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە گیرا دەتوانێت جیاوازی مانایی لە وشەیەکدادروستبکات"(بهروز محمودی بختیاری، 1379: 65). لە لایەکی ترەوە "هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە (تشدید) هەمو کات پێویست بە نوسین ناکات، تەنها لەو شوێنە نەبێت، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی لێڵی، یەکێک لەو جۆرە لێڵیە ئەوەیە، کە دو وشەی هاوشێوە بە واتای جیاواز بونی هەبێت، وەکو: (معین ـ معيّن) ئەم دو وشەیە هەرچەندە هاوشێوەن، بەڵام واتای جیاوازیان هەیە و دەبێت لەم حاڵەتەدا گیرا بۆ وشە و واتای مەبەست دابنرێت، هەروەها وشەکانی وەکو: (کُره ـ کُرّه ، بنا ـ بنّا)، هەروەها دەبێت لەو دەقانەی، کە پەروەردەیین، واتە بۆ ئەو کەسانەیە تازە فێری زمانەکە دەبن، هەروەها بۆ کەسانی بێگانە و ئەوانەی زمانی فارسی زمانی دایکیان نییە و لە دەقە فەرمییەکاندا نوسینی گیرا لە هەمو بارێکدا پێویستەو دەبێت بنوسرێت" (فرهنگستان زبان و ادب فارسی، 1388: 38).

12- (ە) دەرنەبڕاوە: ها لە فارسیدا دو جۆرە: دەربڕاو و دەرنەبڕاو، هەندێ جار (ە)ی دەرنەبڕاو گرفت لە رێنوس دروستدەکات. مەبەست لە (ە) دەربڕاو ئەوەیە، کە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا دێت، دەنوسرێت و دەخوێنرێتەوە، وەکو: (هیچ، شهر، ...تد)، بەڵام (ە)ی دەرنەبڕاو ئەوەیە، کە دەنوسرێت، بەڵام ناخوێنرێتەوە و لە کۆتایی وشەدا دێت، تەنها بۆ دەرخستنی جوڵەی پێش خۆی بەکاردێت، وەکو: (زنده، تشنه، ...تد)، ئەمەش چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، بۆ نمونە لەکاتی زیادکردنی مۆرفیمی کۆی /- ان/، (ە) چاوگ بۆ (گ) دەگۆڕێت، وەکو: (زنده + ان= زندگان)، (خسته + ی= خستگی)، هەروەها لەکاتی زیادکردنی مۆرفیمی کۆی (ات)، (ە) بۆ (ج) دەگۆڕێت، وەک: (کارخانە + ات = کارخانجات)(عبدالعظیم قریب و دیگران، 1392: 16-17). واتە "(ە) دەرنەبڕاو بەپێی ڕێنوس بە پیت دادەنرێت، بەڵام بەپێی زمان فۆنێم نییە، ئەم تایبەتمەندییەی واتە دەرنەبڕاوبونی کە پێی ناسراوە، وایکردوە، بە شێوەی شاراوە بێت، واتە دەرنەکەوێت و بە هیچ شێوەیەک دەنگەکەی خۆی دەرناخات، بۆیە ئەوەی کە دەرنەبڕدرێت، بە فۆنێم هەژمارناکرێت، بە واتایەکی تر چوار نیشانەی (ذ، ز، ض، ظ) هەر کامەیان یەک دەنگی ئەلفبێی سەربەخۆی زمانی فارسین، بەڵام هەمان چوار دەنگە بە یەک فۆنێم /z/ دادەنرێت"(محمد ایرانی، 1389: 70).

13- (همزە و الف): چۆنیەتی نوسینی هەمزە لە شوێنە جیاوازەکان بوەتە هۆی سەرهەڵدانی گفتگۆیەکی زۆر لەلایەن زمانەوانانەوە و دەبێت بەپێی نوسینی پیتە لاتینییەکان لێی بکۆڵدرێتەوە، "فۆنێمی /ء/ دەنگی بەرانبەر بە پیتی (ء ، ع)ە، هەمزە لە وشە وەرگیراوەکان و لە هەمو شوێنەکان و بە شێوەی جیاواز بەکاردەهێنرێت، وەکو: (أکبر، اُمت، آثارتمان، ایدز، ئیدروژن، رئیس، مأخذ، مؤمن، مآل، جزء، شیئ، ...)، لە بەرانبەر بە فۆنێمەکانی تر یان لەکاتی نەبونی دادەنرێت، وەک: (تأویل ta vil ، تحویل tahvil)، بەڵام لە وشە فارسییە ڕەسەنەکان هەمزە تەنها لە سەرەتای وشەدا دێت، وەک: (أسب، اُردك، إستخر، آب، او، ایران، ...) و لەم حاڵەتەدا همزەیەک لە پێش بزوێنەکە دادەنرێت: /sb/ staxr/ ordak/ âb/ u/ iran، هەروەها لەو وشانەی کە (آ) لە ناوەڕاستیاندایە، وەکو (مآل lâma') ئەم هەمزەیە دەنوسرێت"(نوید اعطار شرقی، 1395: 158-159).

14- بزوێنە لێکدراوەکان (diphthong):
"هەندێک لە زمانەوانان لەسەر ئەو ڕایەن، کە لە زمانی فارسیدا دو بزوێنە لێکدراو هەیە، کە بریتین لە (ow)، وەکو لە وشەکانی: (نو، پرتو، خسرو، ....)، هەروەها فردوسی (ferdowsi)، نوروز ((nowrûz، êy)) لە وشەکانی: می (mêy)، کی (kêy)، ری (rêy)"[7]، بەڵام "هەندێکی دیکە لە زمانەوانان چوار بزوێنی لێکدراویان بۆ ئەم دو بزوێنە لێکدراوە زیادکردوە و بزوێنەکان بون بە شەش، بریتین لە:

ای (ây) وەکو: چای ، پای، جای، ....

وی (uy) وەکو: روی، موی، جوی، ....

---َ ی (ay) وەکو: قَیِم، مُعیَن، ....

---ُ ی (oy) وەکو: خوی، ....

دەبێت ئەوەش بزانین، کە هیچ یەک لەو دیفتۆنگانەی کە ئاماژەیان پێکرا، فۆنیم یان یەکەیەکی دەنگی نین، بەڵکو هەرکامەیان لە دو دەنگ پێکهاتون"[8].

15- خاڵێکی تر بە کەموکورتییەکی گرنگی ڕێنوسی زمانی فارسی دەزانرێت، ئەویش دەبێتەهۆی دروستبونی گرفت لە کاتی نوسیندا، "هەندێک لەو دەنگانەیە بەپێی شوێنەکانیان، واتە هاتنیان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بە شێوازی جیاواز دەنوسرێن، وەکو شێوە جیاوازەکانی دەنگی (ع ، غ)، بۆ نوسینی ئەم دەنگە ناتوانرێ شێوەیەک لە جیاتی شێوەیەکی تر لە وشەیەک بەکاربهێنرێت، چونکە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی نادروستی شێوەجیاوازەکانی دەنگێک جگە لە شوێنی تایبەتی خۆی لە زمانی فارسیدا پێچەوانەی ڕێنوسی ستانداردی زمانەکەیە و بە هەڵە دادەنرێت"(محمد صادق ابراهیمی، 1392: 32).

16- (ا ، و ، ی): لە زمانی فارسی سێ دەنگی (ا ، و ، ی) کە بزوێنە درێژەکانن، لەڕاستیدا هەمان فۆرم و شێوەی نەبزوێنەکانن، واتە بۆ دانانی بزوێنە درێژەکان سود لە نەبزوێنەکان وەگیراوە، بۆیە (ا ، و ، ی) وەکو دەنگی/فۆنیمی دولایەن لەم زمانەدا دەور دەبینن. ئەمەش ڕەنگە گرفت دروستبکات لە کاتی دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی وشەیەک بۆ فۆنیمەکانی، واتە خوێنەر دەبێت ئاشنای هەردو دەستەی بزوێن و نەبزوێنەکانی زمانەکە بێت.

17- دەنگی (ت) لە کۆتایی وشەوە بە چەند شێوەیەک دەنوسرێت، وەکو: (مشکوة، مشکات، مشکوة) جێگای ئاماژەیە لە هەمو ئەم جۆرانە یەکجۆر خوێندنەوە پەیڕەودەکرێت.

18- لە ڕێنوسی زمانی فارسیدا دو جۆر نیشانە بەکاردێت:

یەکەم/ نیشانە سەرەکییەکان (نشانەهای اصلی): ئەم نیشانانە بریتیین لە (33) نیشانە، کە پێیان دەوترێت (حروف الفبا) واتە ئەلفبێی زمانی فارسی.

دووەم/ نیشانە لاوەکییەکان (نشانەهای ثانوی): بریتیین لە (10) نیشانە، کە لە سەرەوە و خوارەوەی نیشانە سەرەکییەکان دادەنرێن و لەکاتی پێویستدا بەکاردێن، جێگای باسە، کە نیشانە لاوەکییەکان هەمویان تایبەتن بە زمانی عەرەبی و زمانی فارسی ئەم نیشانانەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگرتوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

أ- جوڵەکان (حرکات) یان بزوێنە کورتەکانی سەرو بۆرو ژێر ( َ ، ِ ، ُ ) لە خوێندنەوەی وشەکاندا بونیان هەیە، بەڵام لە ڕێنوسدا دەرناکەون.

ب- درێژکراو واته (~) له وشەی وەکو: آرد، آزاد، آرام، ....، واته ئەم نیشانەیە کە تایبەتە بە زمانی عەرەبی لە وشەکانی زمانی فارسی بەکاردێن.

ث-گیرا (تشدید ّ) وەکو: پله (لەسەر دەنگی ل).

ت- وەستان (سکون )(°) وەکو: (لب تشنه) کە نیشانەی وەستانەکە لەسەر دەنگی (ب)یە.

د-(ی) کورت (ء) وەکو: (نامهء من)(بڕوانە: فرهنگستان زبان و ادب فارسی، 1388: 14- 15).

ر- تنوین ( ً، ٍ، ٌ): تنوین یەکێکە لە نیشانە تایبەتییەکانی وشەکانی زمانی عەرەبی و بەکارهێنانی لەگەڵ وشە فارسی و لاتینییەکان بە شێوەی ڕێنوسی فارسی کارێکی دروست نییە، ئەم نیشانەیەش بە سێ جۆر بەکاردێت:

یەکەم/ تنوین نصب(اً ، ـاً): ئەم نیشانەیە زیاتر لە دو نیشانەکەی تر لە فارسی بەکارهاتوە، وەکو: (واقعاً، جزئاً، عجالتاً، موقتاً، ....) وشەکان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون و نیشانەکەی بۆ بەکارهاتوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم نیشانەیە لەگەڵ وشە فارسییەکاندا کارێکی دروست نییە و دەبێت هەوڵ بدرێت، بەکارنەهێنرێت، وەکو: (زباناً، تلفناً، دوماً، خواهشاً، ....) دەبێت ئەو وشانە بەم شێوەیە بنوسرێت: (زبانی، تلفنی، دومی، خواهش می کنم).

دووەم/ تنوین رفع: ئەمەش بە هەمان شێوەی زمانی عەرەبی بەبێ هیچ زیادکردنێک بەکارهاتوە، وەکو: (مشارٌالیه ، مضافٌ الیه ، متفقٌ علیه، ...).

سێیەم/ تنوین جر: ئەمەش بەهەمان شێوەی بەکارهاتو لە زمانی عەرەبی و بەبێ هیچ زیادکردنێکی تر لە فارسی بەکارهێنراوە، وەکو: (بعبارة اخرى، ...)(علی اعوانی، 1388: 21)0

19- "لە ڕێنوسی ئەو وشەو دەستەواژانەی، کە وەکو خۆیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، لە هەندێ کاتدا یاسای ڕێنوسی زمانی عەرەبی پەیڕەودەکرێت، وەکو: حتی، بالقوة، خلق الساعة، ..."(فرهنگستان زبان و ادب فارسی، 1388: 14). دیارە لەو وشانەی کە ئاماژەیان پێکراوە بە تەواوی پێڕەوی ڕێنوسی زمانی عەرەبی کراوە، چونکە لە بنەڕەتدا خودی وشەکان عەرەبین و زمانی فارسی ئەو وشانەی وەرگرتوە، هەرچەندە بە پێڕەوی ڕێنوسی عەرەبی دەنوسرێن، بەڵام بە شێوەی زمانەکەی خۆیان، واتە زمانی فارسی دەخوێنرێنەوە، وەکو: (حتی ـ هتا)، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەنگی (ح) لە فارسی بەو شێوەیە ئەنوسرێت، بەڵام بە شێوەی (هـ) دەخوێنرێتەوە.

20- (الف)ی کۆتایی وشەکان: ئەوەش بە چەند شێوەیەک دەنوسرێت، وەکو: (تقوی، تقوا) بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە بزانین لە چ کاتێکدا شێوەی جیاواز وەردەگرێت، (الف)ی کۆتایی وشەکان، کە بە (الف کوتاه) ناوبراوە و دەکەوێتە کۆتایی وشەکانەوە، هەمو کات لە وشەکاندا بە شێوەی (الف) دەنوسرێت، جگە لەم بابەتانەی خوارەوە:

ا- وشەکانی (الی، علی، حتی، اولی، ....)

ب- لە نوسینی ناوە تایبەتییەکان، وەکو: (عیسی، مرتضی، مجتبی، ....)، بەڵام لە وشەکانی وەک (اسمعیل، هرون، رحمن (واتە (الف)ێکی کورت لەسەر دەنگی (م) لە وشەی اسمعیل، لەسەر (هـ) لە وشەی هرون، لەسەر (م) لە وشەی رحمن)، کە لە ڕێنوسی قورئاندا بەم شێوەیە دەنوسرێت، لە زمانی فارسی لەکاتی نوسینی ئەم وشانە ئەو (الف)ە کورتە بە شێوەی (ا) دەنوسرێت: (اسماعیل، هارون، رحمان)، بەڵام هەندێ وشە

هەن، کە لەم یاسایە بەدەرن، واتە شازن، وەکو: (اللهى، اعليحضرت، .....)

پ- ئەو دەستەواژانەی کە وەکو خۆیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، (الف)ی کورت بەهەمان شێوەیان لە زمانی فارسی دەنوسرێن و بە شێوەی (ا) دەخوێنرێنەوە، وەکو: بما تحصى، اعلام الهدى واتە (ى) کۆتایی کە (الف)ی کورتی لەسەرە بە شێوەی (ا) دەخوێنرێتەوە[9].

بەگشتی بەپێی ئەو سەرچاوانەی، کە ئاماژە بە گیروگرفتەکانی ڕێنوسی زمانی فارسی کراوە، ئەوگرفتانەن، کە زیاتر جێی بایەخی زمانەوانان بووە، وەک: پێکەوە یان بە جیانوسین، جوڵەکان واتە بزوێنە کورتەکان، جیاوازی لە خوێندنەوە و نوسین، هەندێکی کە لە گرفتەکان کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، هەر بەم پێیەش بۆمان دەردەکەوێت، کە زیاتر لە شێوەیەکی نوسین لە فارسیدا هەیە، بۆیە ئەم جۆراوجۆرییە لە نوسین دەبێتەهۆی تێکچونی یەکپارچەییەکی زۆر لە ڕێنوسی زمانی فارسیدا.

## 2 ـ 3) بەراوردی ڕێنوسی زمانی کوردی و فارسی لەگەڵ ڕێنوسی زمانی عەرەبی:

ئەگەر فۆنیمەکانی هەردو زمانی کوردی و فارسی وەربگرین، کە سەر بە هەمان خێزانەزمانی (هیندۆئەورووپین) بەرانبەر بە زمانی عەرەبی بکەینەوە، کە سەر بە خێزانەزمانی (حامی و سامییە)، لەم خشتەیەدا دەیانخەینەڕو:

| | فۆنیمە نەبزوێنەکان | فۆنیمە بزوێنەکان |
|---|---|---|
| زمانی کوردی | /ئـ ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، | /و ، وو ، ۆ ، ی ، ێ ، ا ، ە ، i/ |

| | | |
|---|---|---|
| | ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ک ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، هـ ، و ، ی/ | |
| زمانی فارسی | /ء ـ ع/ ، /ب/ ، /پ/ ، /ت ، ط/ ، /س ، ث ، ص/ ، /ج/ ، /چ/ ، /ح ، هـ/ ، /خ/ ، /د/ ، /ذ ، ز ، ض ، ظ/ ، /ر/ ، /ژ/ ، /ش/ ، /غ ، ق/ ، /ف/ ، /ک/ ، /گ/ ، /ل/ ، /م/ ، /ن/ ، /و/ ، /ی/ | /و ، ا ، ی ، ضمه ، فتحه ، کسره/ |
| زمانی عەرەبی | /ء ، ب ، ت ، ث ، ج ، ح ، خ ، د ، ذ ، ر ، ز ، س ، ش ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ع ، غ ، ف ، ق ، ك ، ل ، م ، ن ، هـ ، و ، ي/ | /و ، ا ، ي ، الضمة ، الفتحة ، الكسرة/ |

بە بەراوردکردنی فۆنیمەکانی هەر سێ زمانەکە خاڵی هاوبەشو جیاوازی بەرچاودەکەون، ئەمانەن:

1- لە پیتە نەبزوێنەکاندا، هەردو زمانی کوردی و عەرەبی لە بیست پیتی نەبزوێندا هاوبەشن، ئەوانیش (ئـ ، ب ، ت ، ج ، ح ، خ ، د ، ر ، ز ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ق ، ک ، ل ، م ، ن ، ە)، بەڵام پیتەکانی (ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ) تایبەتن بە زمانی عەرەبی و پیتەکانی (پ ، چ ، ڕ ، ژ ، ڤ ، گ ، ڵ) تایبەتن بە زمانی کوردی.

2- له پیته نەبزوێنەکاندا هەردو زمانی کوردی و فارسی له بیست و سێ پیتی نەبزوێندا هاوبەشن، وەک (ئ ، ب ، ت ، پ ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ق ، ک ، ل ، م ، ن ، ه)، بەڵام پیتەکانی (ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ) تایبەتن به زمانی فارسی و پیتەکانی (ڕ، ڤ، ڵ) تایبەتن به زمانی کوردی.

3- له پیته نەبزوێنەکاندا، هەردو زمانی فارسی و عەرەبی له بیست و هەشت پیتی نەبزوێندا هاوبەشن، بریتین له (ء، ب ، ت ، ث ، ج ، ح ، خ ، د ، ذ ، ر ، ز ، س ، ش ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ع ، غ ، ف ، ق ، ک ، ل ، م ، ن ، و ، ه ، ی)، واته هەمو پیتەکانی زمانی عەرەبی لەگەڵ (28) پیتی زمانی فارسیدا هاوبەشن، جگه له پیتەکانی (پ ، چ ، ژ ، گ) که تایبەتن به زمانی فارسی و له ڕێنوسی زمانی عەرەبیدا نین.

4- فۆنیمه بزوێنەکان: له زمانی کوردیدا فۆنیمەکانی /ا ، وو ، ۆ ، ێ/ درێژن و /ی ، و ، ه ، i/ کورتن، بەڵام له زمانی فارسی و عەرەبیدا فۆنیمەکانی /و ، ا ، ی/ درێژن و /الضمة ، الفتحة ، الكسرة/ کورتن، دەبینین له هەر سێ زمانەکەدا فۆنیمەکانی /ا ، ی ، و/ هاوبەشن، بەڵام فۆنیمەکانی /الضمة ، الفتحة ، الكسرة/ تایبەتن به زمانی عەرەبی و زمانی فارسی، کەچی فۆنیمەکانی /وو ، ۆ ، ێ ، ه ، i/ تایبەتن به زمانی کوردی.

## ئەنجامەکان

1- له زمانی کوردیدا ژمارەی فۆنیمەکان و پیتەکان یەکسانن و وەکیەکن، واته هەمو فۆنیمێک پیتێک دەنوێنێت، بۆ نمونه (37) فۆنیم واته پیت هەن، بەڵام له زمانی فارسیدا ژمارەی فۆنیم و دەنگەکان یەکسانن نەک پیتەکان، بۆ نمونه (29) فۆنیم واته دەنگ لەم زمانەدا هەیه، بەڵام (38) پیت هەن، چونکه فونیمی وامان هەیه، به زیاتر له چەند پیتێک له وشەکانی زمانەکەدا دەنوسرێت، بەڵام به یەک دەنگ دەخوێنرێتەوە، بۆ نمونه فۆنیمی /س/ به پیتەکانی (س، ث، ص) دەنوسرێت، بەڵام هەرسێ پیتەکه هەر به [ س ] دەخوێنرێتەوە، یان /ز/ به (ذ ، ض ، ظ) دەنوسرێت، بەڵام هەر سێ پیتەکه هەر به [ ز ] دەخوێنرێتەوە، یان /ء/ به /ء ، ع/ دەنوسرێت، بەڵام هەر دو پیتەکه هەر به [ ء ] دەخوێنرێتەوە، ...تد.

2- له ئەنجامی خستنەڕوی ڕێنوسی هەردو زمانی کوردی و فارسی، ئەوە دەردەکەوێت، که چەندین گیروگرفتی نوسین و ڕێنوس له هەردو زمانەکەدا هەن، بەڵام بەشێک لەو گرفتانه (بەتایبەتی ڕێنوسی زمانی فارسی) دەگەڕێتەوە بۆ بەریەککەوتن و کاریگەریی ئەم دو زمانه لەگەڵ زمانی عەرەبیدا.

3- یەکێک له ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی هەمو زمانێک وەرگرتنی وشەی بیانییه، دەبینین ئەو وشه عەرەبی و ئاینییانەی که له ڕێگەی کاریگەریی زمانی عەرەبییەوە هاتونەته نێو زمانی کوردییەوە، چ فۆنیمه ڕیزبووەکان و چ فۆنیمه ناڕیزبووەکانیان تێدایه، بەتایبەتی ئەو فۆنیمانەی، که له زمانی کوردیدا نین، توانراوە بخرێنه ژێر باری یاسای دەنگسازیی زمانی کوردییەوە، بۆ نمونه بەرانبەر به فۆنیمەکانی /ث ، ص/، /ض ، ظ ، ذ/، /ط/ ی عەرەبی، فۆنیمی /س/، /ز/، /ت/ دانراون و بونەته ئەلەفۆنی ئەم فۆنیمانه، هەروەها فۆنیمەکانی /الضمة ، الفتحة ، الكسرة/ی عەرەبی، بەرانبەر بەمانەش (پیت)یان بۆ دانراوە، وەک /و/ بەرانبەر /الضمة/ و /ه/ بەرانبەر

/الفتحة/ و /ی/ بەرانبەر /الكسرة/. بەڵام چ ئەو وشە عەرەبی و ئاينييانەی لە ڕێگەی كاريگەريی زمانی عەرەبييەوە هاتونەتە نێو زمانی فارسييەوە، چ وشە فەرهەنگييەكانی زمانەكەش، ئەم فۆنێمانە وەک پيت دەنوسرێن و دەردەكەون، بەڵام وەک دەنگ ناخوێنرێنەوە.

4- هەردو زمانی كوردی و فارسی تا ڕادەيەكی هێجگار زۆر سوديان لە فۆنێمەكانی زمانی عەرەبی وەرگرتوە، بەڵام جياوازی لە وەرگرتنی فۆنێمەكاندا هەيە، چونكە زمانی فارسی هەمو فۆنێمەكانی زمانی عەرەبی بە ڕێزبووەكان و ناڕێزبووەكانەوە وەک خۆی وەرگرتوە، بەڵام ژمارەی دەنگەكانی بەراورد بە ژمارەی فۆنێمەكانی كەمترە، بۆ نمونە فۆنێمەكانی (ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ع ، غ ، ح ، الضمة ، الفتحة ، الكسرة) لە زمانەكاندا دەنگيان نييە، ئەمەش بۆ كەسانێک بيانەوێت فێری زمانەكە بن دەبێتە گرفت، بەڵام بۆ زمانی كوردی بە پێچەوانەوە، زمانی كوردی هەمو دەنگەكانی زمانی عەرەبی وەک خۆی وەرگرتوە، بەڵام ژمارەی فۆنێمەكانی كەمتر وەرگرتوە.

5- لە زمانی فارسيدا بۆ هەندێ لە دەنگەكان زياتر لە نيشانەيەک هەيە، ئەو دەنگانەش بەهۆی ئەوەی لە زمانی عەرەبييەوە وەرگيراون، هەندێک لەو دەنگانە لە زمانی فارسی بونيان نييە، لە ئەنجامدا نزيكترين دەنگێک كە لە زمانەكەدا هەيە، لە جێی ئەو دەنگانەيان داناوە، بەم شێوەيەش جياوازی ڕێنوسی وشەكە، كە بنەڕەتێكی عەرەبی هەيە، پارێزراوە، بەڵام دەربڕينێكی جياواز هەيە، ئەمەش دەبێتە هۆی گيروگرفتێكی سەرەكی لە زمانی فارسی نە تەنها بۆ ئەو كەسانەی، كە بيانەوێ زمانی فارسی فێربن وەكو زمانێكی دووەم، بەڵكو بۆ خودی فارسی زمانان بە گرفت دادەنرێت.

6- لە ڕێنوسی زمانی فارسی جوڵەكان (اعراب) بەشێک لە وشەكە نين، واتە لەكاتی نوسيندا، جوڵەكان (كسره/زير) ، (فتحه/زبر) ، (ضمه/پيش) لە ڕێنوسدا دەرناكەون، بۆيە دەبێتە هۆی دروستبونی وشە هاوشێوەكان بە واتای جياواز، بەمەش لێڵی فەرهەنگی دێتە ئاراوە.

## پەراوێزەكان

1) بۆ وەرگرتنی زانياريی زياتر لەبارەی گرنگترين ئەو دەستكەوت و شاكارە زمانەوانيانەی، كە ڕێبازی بەراوردی لە لێكۆڵينەوەكانياندا بەدەستيانهێناوە، بڕوانە:

ا- (ئەبوبەكر عومەر قادر، 2003: 4-8).

ب- (كەژاڵ جهانبخش محەمەد، 2016: 5-6).

2) بۆ زانياريی زياتر، بڕوانە: (حسن انورى، حسن احمدى گيوى، 1393: 3)، (عبدالعظيم قريب و ديگران ،1392: 13)، (اعظم رستمى و ديگران، 1392: 83)، (فرهنگستان زبان و ادب فارسى، 1388: 15).

3) بۆ زانياريی زياتر، بڕوانە: (خسرو فرشيدورد، 1392: 83)، (محمود بى جن جان، 1392: 94)، (ذيلبر لازار، 1393: 18).

4) بۆ زانياريی زياتر، بڕوانە: (محمود بى جن جان و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتون، 1392: 100)و (حسن انورى و حسن احمدى گيوى، 1393: 4).

5) بڕوانە: (ژيلبر لازار، 1393: 64)، (عباسعى وفايي، 1392: 258).

6) بڕوانە: (علی اعوانى، 1388: 21-22) و (هاجر ستوده و زهره هنرجويان، 1389: 67).

7) بڕوانە: (حسن انورى و حسن احمدى گيوى، 1393: 7)، (محمد ضيا ء حسينى، 1389: 37)، (محمد صادق ابراهيمى، 1392: 30).

8) بڕوانە: (خسرو فرشيدورد، 1392: 84) و (يدالله ثمره وديگران، 1387: 300-301).

9) بڕوانە: (فرهنگستان زبان و ادب فارسى، 1388: 36)، (هاجر ستوده، زهره هنرجويان، 1389: 67).

## سەرچاوەکان


**یەکەم/ بە زمانی کوردی:**

1-ئەبوبەکر عومەر قادر (2003)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

2- ئەورەحمانی حاجی مارف (1986)، نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، بەغداد.

3-ئومێد بەرزان برزو و هێرش کەریم حەمید (2017)، بەریەککەوتنی زمانەکان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ساڵی چوارەم، ژ (13).

4- ئومێد بەرزان برزو (2013)، کاریگەریی ئاینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (25)، هەولێر.

5- بەکر عومەر عەلی (2014)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

6- جەمال عەبدول، وریا عومەر ئەمین، فاروق عومەر سدیق، ئازاد ئەحمەد مەحمود (2013)، ڕێنوسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی ڕێنوسی گشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

7- غازی فاتح وەیس (1984)، فۆنەتیک، چاپی یەکەم.

8- کەژاڵ جهابخش محەمەد (2016)، دروستەی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار.

9- عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ (2015)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

10- مەسعود محەمەد (2011)، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنوسی کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

11- محەمەد مەعروف فەتاح (2011)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

12- محەمەد حوسێن عەلی زەهاوی (1999)، گیروگرفتی نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی ماستەر، زانکۆی ئیبن روشد، بەغداد.

13- وریا عومەر ئەمین (2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

**دووەم/ بە زمانی عەرەبی:**

14- ابراهيم محمد ابراهيم محمد عثمان، مناهج البحث اللغوي ومدارسه: (arknowledge.net/2018/12/26/)

15-احمد طه حسانين سلطان (1991)، في مناهج البحث اللغوي، مكتبة وهبة للطباعة والنشر.

16-أحمد سليمان ياقوت (1985)، في علم اللغة التقابلي دراسة تطبيقية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

17-سميه كاظمى نجف ابادى، سيد محمد رضا ابن الرسول، منصوره زركوب (2015)، أسلوب الشرط بين العربية والفارسية (دراسة تقابلية)، مجمع الذخائر الاسلامية، طبعة الاولى، قم - ايران.

18-عبده الراجحي (1995)، علم اللغة التطبيقي وتعليم العربية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

19-عمر ابن عثمان ابن قنبر سيبويه (1988)، هذا الباب طرد الابدال في الفارسية، مكتبة الخانجي، الطبعة الثالثة، القاهرة.

20-ر.هـ. روبنز (1997)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة/ د. أحمد عوض، عالم المعرفة، الكويت.

21-ماريو باى (1998)، أسس علم اللغة، ترجمة وتعليق/ أ.د. أحمد مختار عمر، الطبعة الثامنة، عالم الكتب، القاهرة.

22-محمود فهمي حجازي (2010)، علم اللغة العربية، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، الكويت.

23-يوسف الهليس (1976)، تطوير دراسة اللغة العربية من خلال مقابلتها باللغات الاخرى، مجله المعرفة، العدد (178)، دمشق، السورية.

24-نعمة رحيم العزاوي (2001)، مناهج البحث اللغوي بين التراث والمعاصرة، مطبعة المجمع الدولي.

25-نادية رمضان النجار (2014)، مناهج البحث في اللغة والنحو، مؤسسة حورس الدولية، الاسكندرية.

**سێیەم/ بە زمانی فارسی:**

**26-اعظم رستمی، حدائق رضائی، عادل رفيعی (1392)، تأثير عمق خط بر خطاهای املايی فارسی دانش آموزان آذری زبان، پژوهش نامەی آموزش زبان فارسی بە غير فارسی زبانان (علمی - پژوهشی)، سال دوم، شمارەی سوم، دانشگاه اصفهان.**

27- بهروز محمودی بختیاری (1379)، خط فارسی مناسب یا نارسا ؟، آموزش زبان و ادب فارسی، شماره (55)، تهران.

28- حسن انوری، حسن احمدی گیوی (1393)، دستور زبان فارسی 2، چاپ چهارم، انتشارت فاطمی، تهران.

29- خسرو فرشیدورد (1392)، دستور مفصل امروز، چاپ چهارم، انتشارت علمی، تهران.

30- ژیلبر لازار (1393)، دستور زبان فارسی معاصر، ترجمه مهستی بحرینی، چاپ سوم، انتشارت هرمز، تهران.

31- عباسعی وفایی (1392)، دستور توصیفی براساس واحدهای زبان فارسی، چاپ اول، انتشارات سخن، تهران.

32- عبدالرسول خیامپور (1389)، دستورزبان فارسی، چاپ پانزدهم، تبریز.

33- عبدالعظیم قریب و دیگران (1392)، دستور زبان فارسی (پنج استاد)، چاپ ششم، انتشارت ناهید، تهران.

34- علی اعوانی (1388)، چگونه بنویسیم ؟ رسم الخط فارسی و قواعد سجاوندی همراه با واژه‌نامه‌های: غلط ننویسیم، معادل واژه‌های بیگانه و واژه‌های جایگزین مناسب، ویرایش دوم، تهران، انتشارات سازمان عقیدتی سیاسی ارتش جمهوری اسلامی ایران (نشر اجا).

35- فرهنگستان زبان و ادب فارسی (1388)، دستور خط فارسی، نشر آثار، تهران.

36- محمد ایرانی (1389)، ضبط ارجح (ی) میانجی در حالت اضافه و همایی با ((ها))ی غیر ملفوظ، فنون ادبی (علمی ـ پژوهشی)، سال دوم، شماره 1 ، دانشگاه اصفهان.

37- محمد رضا باطنی (1391)، معایب خط فارسی، شهر مجازی زبان و ادب فارسی، دانشگاه مجازی المصطفی.

38- محمد صادق ابراهیمی (1392)، املا و نظام نوشتاری زبان فارسی، نشریه‌ی تعلیم و تربیت استثنايي، سال سیزدهم، شماره 2 ، پیاپی 115.

39- محمد ضیاء حسینی (1389)، مبانی زبان شناسی، چاپ دوم، چاپخانه رعایت، تهران.

40- محمود بی جن جان (1392)، واج شناسی نظریه بهینگی، چاپ چهارم، انتشارات سمت، تهران.

41- نوید اعطار شرقی (1395)، بررسی تحلیلی نگرش های داخلی و خارجی به مسئله تغییر نظام خطی زبان فارسی: موردهای اورو فارسی، یونی پرس و پارسیك، دو ماهنامهء جستارهای زبانی، دوره‌ی 7 ، شماره 6، دانشگاه بین المللی امام خمینی، قزوین.

42- هاجر ستوده، زهره هنرجویان (1389)، مروری بر دشواریهای زبان فارسی در محیط دیجیتال و تأثیرات آنها بر اثربخشی پردازش خودکار متن و بازیابی اطلاعات، كتابداری و اطلاع رسانی، جلد 15 ، شماره 4، دانشگاه شیراز.

43- یدالله ثمره ودیگران (1387)، دستورزبان فارسی، چاپ اول، انتشارات مدرسه، تهران.

44- علیرضا نظری، زهرا اسدالله پورعراقی (1394)، تداخل زبانی و دگرگونی معنایی وام واژه‌های عربی و جنبه‌های تأپیر آن بر ترجمه عربی، دو فصلنامه علمی ـ پژوهشی پژوهشهای ترجمه در زبان و ادبیات عربی، سال (5)، شماره (13)، دانشگاه بین المللی امام خمینی، قزوین.

45- محسن رائی (1386)، تأثیر زبان و ادب فارسی در زبان و ادب عربی، پژوهشنامه علوم انسانی، شماره (54)، دانشگاه شهید بهشتی.

46- مهرداد نغزگوی کهن (1392)، بررسی تأثیر زبان عربی بر نظام واجی زبان فارسی و گونه‌های آن، نشریه‌ی پژوهش های زبان شناسی تطبیقی، سال سوم، شماره پنجم، دانشگاه بوعلی سینا.

47- نیلوفر لنگر (1395)، تاثیرگذاری و تاثیرپذیری زبان عربی بر فارسی، ویب سایت تحلیلی خبری هویدا :

http://howayda.org/1395/11/24/%D8%AA%D8%A7%D8%AB%DB%8C%D8%B1%DA%AF%D8%B0%D

## چوارەم/ بە زمانی ئینگلیزی:

48- arab426.blogspot.com/2011/04/blog-post_117.html.

49- Jack C. Richards and Richard Schmidt (2002), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Third edition.

50- R.L.Trask (1999), Key Concepts in Language and Linguistics, First edition, Routledge, London.